# ئەدیسۆن ئەوەی جیهانی رۆناك كردەوە

دانەری

كۆمەڵێك لە زانایان

وەرگێڕانی

لە عەرەبی یەوە بۆ كوردی

بشیر حسێن سعدی

بۆ یەكەم جار لە عەرەبی یەكەی لە ساڵی 1970 بڵاوكراوەتەوە لە دار العلم للملايين

لە شاری بەیروت

چاپی یەكەم –هەولێر

ساڵی 2702 كوردی -2002 زاینی

# پێشەکی

زۆر خۆم بە بەختیار دەزانم کە ئەم پەرتووکەی –أدیسون الڗی اچاو العالم- کە بە زمانی عەرەبی داندراوە وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی, کاتی خۆی لە زنجیرەی- الناجحون- دەرچووە لە بەیروت. لە دانانی ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی بلیمەت بۆ رۆشنکردنەوەی بییری لاوانی عەرەب دایان ناوە, بۆ یەکەم جار لە بەیروت بلاۆکرایەوە لە ساڵی 1970.منیش بە پێویستی سەرشانی خۆم زانی کە بەشداری بکەم لە ئەرکی وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە بە سوودە بۆ سەر زمانی کوردی بۆ رۆناك کردنەوەی بیری لاوانی کورد لە سەرتاسەری کوردستان بزانن کە زانایان و بلیمەتان بەچ هیمەتێك توانیویانە راژەو خزمەتی گەل و نەتەوەکەییان بکەن, بوونەتە پێشەنگ بۆ نەوەکانی خۆیان و مرۆڤایەتی وەنەبێ داهێنانەکانی –تۆماس ئەدیسۆن- هەر گەلی ئەمریکا سوودی لێ وەرگرتبێ بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری جیهان سوودی لێ وەرگرتووە و هەوڵی پێشخستنیان داوە. داواکارم لە رۆناك بیرانی کورد ژن و پیاو کوڕ و کچ پیرو لاوو هەر کەسێ بە گوێرەی توانای خۆی شتێك بخاتە سەر خەرمانی زانست و زانیاری بۆ نەتەوەی کوردی بەشکراو و بەش خوراو  لە کاتێك کە نەتەوەکانی تر لە سایەی ئەم هەولَ و تێکۆشانەی زاناکانیان دەیکەن لە هەموو بوارێك لە بواری زانستی تەکنەلۆجیا و کۆمپیوتەرو سەتەلایت و ئستێرەناسی و گەشت بۆ مانگ و ئەستێرەکان دەکەن. هێشتا بەشێکی زۆر لە نەتەوەکەمان نەخوێندەوارە یان خوێندنی بە کوردی لێ قەدەغەکراوە ئەوەی خوێندەواریشە مێشکیان پڕکراوە.لە شتی پروپووچ و خەرافیاتی هەزاران ساڵیی پێش ئێستا, هێشتا بە تەواوی ئەو ئاستەنگانەمان بۆ دیارنەکراوە, کە پێشی ل پێشکەوتنی گەلەکەمان گرتووە, بەشێکی زۆریش هەر بە تەپل و زۆرنای داگیرکەرانی کوردستان هەڵدەپەڕن هەر بێگانەمان لە خۆمان پێ ئازاترو زیرەك ترە, بەلاَم ئەوی راستی بێ پێچەوانەی ئەوەیە مێژوو زوڵمی لە ئێمەی کورد کردوە هەندێك لە نەتەوە گەوەرەکانی جیهان و ئەوانەی دەورویش هەتا رادەیەکی زۆر پاش شەڕی جیهانی یەکەم بوونەتە هۆی دابەش کردن و پاش کەوتنی وولاَتەکەمان و نەتەوەکەمان ئەگەر نا کورد نەك چی لە عەرەب و تورك فارس ئەفغان و ئەوانی تر کەمتر نیە بەڵکو لە زۆریان پێشکەوتووترە لە هەموو بوارێك تەماشای مێجەر نۆئیل بکە لە یادگارەکانی چۆن باسی گەلی کورد دەکا و چۆن باسی

ئەوانیی تریش دەکا کە کەسایەتیەکی ناسراوی ئینگلیزە و گەریدەیەکی بیانیە و هەموو لا بۆ ئەو وەکو یەکە [1] دووبارە داوا لە رۆناك بیرانی کورد دەکەم ئەم کارەم لیٚ قبولٚ بکەن و لە کەم و کووڕیەکانیشم ببوورن و ریٚنمایشم بکەن ئەگەر خالیٚکی لاوازیان لەم وەرگیٚڕانە بینی, چونکە هەر خودا پاکە لە هەموو کەمی و ناتەواویەك.

دڵسوزتان

بشیر حسیٚن کوردستانی

2002-9-4

## منداڵیٚك کە سەری گەورەیە

لە ڕۆژیٚکی ساردی زستانی ساڵی 1847 لە مانگی شوبات –تۆماس ئەدیسۆن- لە دایك بووە لە گوندی میلان کە سەر بە ویلایەتی –اوهایۆ- یە. لە وولاٚتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو ماڵە رەنگ سوورە بچووکەی کە تۆماس ئەدیسۆن تیایدا لە دایك بووە هەتا ئیٚستا هەرماوە لەگەلٚ ئەو باخچە بچکۆلانەی کە بەچەند داریٚکی کۆن دەورە دراوە لەو کاتەی دایکی ئەدیسۆن-نانسی ئەدیسۆن- ئەم مناڵەی بوو باوکی کە ناوی –سمویل- بوو براکەی کە ناوی –ولیەم- بوو لەگەلٚ خوشکە بچکۆلانەکەی –تانی- دەورەیان لیٚدابوو باوکی بە کەیف خۆشیەوە لە ماڵەکە چووە دەرەوە, بۆ ئەوە خەڵکی گوندەکە ئاگادار بکاتەوە کە کوریٚکیان بووە. ولیەم چووە شویٚنی نیگار کیٚشانەکەی ویستی ویٚنەیەکی ئەم مناڵە بچووکە بکیٚشیٚ. ئەم مناڵە زۆر بە دایکی خۆی ئەچوو لە شیٚوە و رەنگ و

[1] تەماشای یادداشتەکانی میجەر نوئیل بکە لە کوردستان وەرگیٚڕانی (حسین احمد جاف و حسین عوسمان نەرگەسە جاڕی ل 87,ل 88 ل 92

روخسارو چاوە گەورەو كاڵەكانی .باوكیشی پیاوێكی زۆر بە رێزو حورمەت بوو لە نێو خەڵكی گوندەكە, بە دار فرۆشتنەوە خەریك بوو شەپكە داری دەفرۆشت كە بۆ دروست كردنی هەراشی خانوو بەكار دەهات وە چەند كرێكارێكشی لابوو كاریان بۆ دەكرد. ئەو گوندەی كە ئەوان لیٚ بوون —میلان- سەنتەرێكی بازرگانی گرنگ بوو. لە نزیك گۆڵە ئاویك كە بە جۆگەڵەیەك بەسترابۆوە بە رووباری —هیورۆن- لە رێگای ئەم كەناڵەوە رۆژی چەند كەشتییەك دەهاتن گەنمیان بار دەكرد ئەو گەنمەی كە بە هۆی عارەبانەی گەورە گەورەوە كە هەر عارەبانەیەك شەش ئەسپ یان گا ڕایان دەكێشا شەش سەد دانە لەم عارەبانانە رۆژانە بارەكانی خۆیان بەتاڵی ئەم كەشتیانە دەكرد ماڵی —تۆماس ئەدیسۆن- لەو شوێنە نزیك بوو. لە كاتی مناڵی رۆژانە ئەم دیمەنەی دەدیت. ئەم مناڵە بەلەش گەورە نەبوو بەڵام سەری گەورەبوو , هەتا پزیشكی ئەو گوندە هەر جارە دەیگوت ئەگەر ئەم منداڵە لەبەر گەورەیی سەرەكەی تووشی ناخۆشی نەبیٚ باشە. ئەم قسەی ئەم پزیشكە كردی راست بوو. بەڵام نەخۆشیەكەی جۆرێكی تر بوو —تۆماس ئەدیسۆن- حەزی لە كاكردن بوو مناڵێكی چالاك و چەپووك بوو ئەو كاتەی دەستی بە قسەكردن كرد زۆر پرسیاری دەكرد زۆر جار خەڵكەكە بە نازانم وەڵامیان دەدایەوە ئەویش پێیٚ دەگۆتن بۆچی نازانن لەو كاتەی تەمەنی بووە سیٚ ساڵ تۆماس دەیگوت من لە بیرمە كەلە و تەمەنەدابوم كاروانی عارەبانەكانی دەدیت كە لە رۆژهەڵاتی گوندەكەیانەوە دەهاتن پاش ئەوەی كانی زێڕ دەۆزرابۆوە لە ویلایەتی كالیفۆرینا بۆیی خەڵكەكە لە رۆژهەلاتەوە دەچوونە رۆژئاوا بۆ بە دەست هێنانی سامان هەر بیری لەم خەڵكە دەكردەوە كە بەوێدا تێی دەپەڕین كەسیشی لیٚ نەدەناسین جاری وادەبوو چادریان هەڵدەدا لە نزیك ماڵەكەیان —تۆماس ئەدیسۆن- دەچوو لیٚ دەپرسین ئەریٚ ئێوە بۆ كویٚ دەچن؟ سەریان لەوە سوڕدەما كە ئەم مناڵە چۆن دەتوانی ئەم جۆرە پرسیارانە بكات.

هەر لە تەمەنی پێنج ساڵیدا ئەو گۆرانیانەی دەگوتەوە كە كرێكارە خاوە ماسولكە بە هێزەكان دەیان گوتەوە لەو كاتەی شەپكە داری گەورەیان هەڵدەگرت بۆ ناو ئەو كەشت یانەی لە رۆخی رووبارەكە رادەوەستان بەڵام لە ماڵەوە نەی دەگوت دەیزانی دایك و باوكی پیٚ سەخڵەت دەبن لەو تەمەنەدا منداڵێكی رێك و جوانی لیٚ هەڵكەوت پرچی سەری راوەستابوو هەركات بیری بكردایەوە دەستی لە

**پرچی دەدا زیاتر پرچەکەی تێك دەچوو بۆیێ باوکی ئەمەی پێ ناخۆش بوو. رۆژەکیان بردی سەری جوان تاشی دایکی بەمە زۆر عاجز بوو. هەر رۆژە تۆماس شتێکی تازەی لە گوندەکەیان دەدیت دەچووە ئەو شوێنانەی کە کەشتییەکانی لێ رادەوەستا ناوی ئامێرەکانی کەشتی لە کەشتییەوانەکان دەپرسی وە ناوی ئەو ئامێرانەی دەپرسی کەشەپکە دارەکان هەڵدەگرن و بڵاودەکەنەوە کە بۆ دروست کردنی پرد بەکار دەهات لەسەر رووبارەکە, جارێك بەر بۆوە ناو رووبارە هەندەی نەمابو بخنکێ دەریان هێنا جارێکی یان کەوتبووە ژێر رەوسەی گەنم زۆری نەمابوو لە ژێریا بزر بێ جارێکیان گوریسێکی دەبڕییەوە بە هەواڵەکانی خۆی گوت بە تەور لەم گوریسە بدا بەرپەنجەیەکی کەوت سەری پەنجەکەی پەڕندا.**

**تۆماس چاوێکی تیژی هەبوو رۆژێك دیتی مارویەك لەسەر هێلکە کورك بووە دیتی هەلی هێنا. بیری لەوە دەکردەوە دەبێ مرۆڤیش نەتوانێ ئەمە بکات. باوکی دیتبووی لەسەر چەند هێلکەیەك دانیشتووە باوکی پێی گوت کوڕم ئەمە وانابێ بەم جۆرە هێلکە جووجەڵە هەڵنایێنی پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە حەوت ساڵ لەگەڵ برادەرێکی چوون بۆ مەلەوانی دیتی برادەرەکەی خۆی فڕێدایە ناو ئاو هەر نەهاتە دەرێ زۆری بانگ کرد هەر بێ سوود بوو. هەتا دونیا تاریك داها هەر چاوەڕێی کرد نەهاتە دەرێ خەبەری دا خەڵکەکە بۆ رۆژی دووەم جەنازەیان دۆزیەوە بەمە تۆماس زانی مردن چییە.**

## ئەزموونی یەکەم- فڕین بە هۆی غازەکان

**لە ساڵانی** 1850 1851 1852 **رێگای ئاسنین لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بڵاو بۆوە وای کرد کە خەڵکەکە بە زووترین کات کاروبارەکانیان جێ بەجێ بکەن خەڵکی میلان ئەو گوندەی تۆماس ئەدیسۆن لێ دەژیا نەیان ویست شەمەندەفەرو رێگای ئاسنین بێتە گوندەکەیان نەوەکو کاری**

**کەشتییەکان راوەبوەستێ بۆیێ کارەکانیان دوادەکەت لەبەر ئەوە خانەوادەکەی تۆماس ئەدیسۆن بریارندا ئەم شوێنە بەجێ بێڵن بچنە —پۆرت هیورن لە ویلایەتی مشیگان لە ساڵی 1854 زاینی هەندەی پێ نەچوو سموئیل ئەدیسۆن- لەگەڵ کورەکانی دەستیان بە بازرگانی کرین و فرۆشتنی دانەوێڵەو شەپکەدار کرد لە هەمان کات سەوزەواتیشی لە زەویەکەی خۆیان دەچاند جگە لەمەش باوکی ئەدیسۆن بیری لە دروست کردنی تاوەرێك بورج کردەوە هەلستا بە دروست کردنی ئەو تاوەرە لە دارو بە پەیژەیەکی پێچاو پێچ بەسەر ئەو تاوەرە دەکەوتن بە 25 سنت بۆ هەرکەسێك کە بیەوێ بەسەر ئەو تاوەرە بکەوێ وە هەر کەسێك بچووبایە سەر ئەو تاوەرە دیمەنێکی ئەم شوێنەی دەدیت. لەو رۆژەوە —تۆماس ئەدیسۆن- بووە لێ پرسراوی ئەو تاوەرە لە دەرگە رادەوەستا هەرچی بیویستبایە سەرکەوێ دەبایە 25 سنت بدات لە ماوەی دوو مانگ 300 سێ سەد سەنتی بەرکەوت واتا سێ دۆلار هەتا رۆژێکیان بەرێوەبەری ئیستگەی شەمەندەفەرەکە 600 شەش سەد کەسی نارد بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم تاوەرە بۆ دیتنی دیمەنەکانی ئەم شوێنە لەم رۆژەدا تۆما ئەدیسۆن پارەیەکی باشی وەرگرتلە دوای ئەوە بەرهەمی ئەو تاوەرە رووی لە کەمی کرد تۆماس هەستی کرد دەبێ کارێکی تر بدۆزێتەوە هەلستا عارەبانەیەکی دۆزیەوەو سەوزەی لەسەر دادەنا ماڵ بە ماڵ دەی گێرا لەگەڵ هاورپییکی خۆی کە ناوی مایکل بوو هەتا وای لێ هات دەچوونە گوندە نزیکەکانی دەوروپشتیش لەوێ چەند جۆرە مێوەیەکیشیان لەگەڵ سەوزەواتەکان دەفرۆشت هەتا وای لێ هات لە یەکێك لە ساڵەکان —تۆماس- 600 دۆلار دەسکەوتی ساڵانەی بوو کە دایکی بۆی گڵدەدایەوە.**

**هەر لەو ماوەیەدا دەستی کردبوو بە خوێندنەوەی پەرتووکی —کیمیا- ئەو پارەی هەی بوو بەم جۆرە پەرتووکانەی دەدا, لە کاتی بێ کاری ئەی خوێندەوە . لە ژوورێکی خوارەوەی ماڵەکەیان —تۆماس ئەدیسۆن- نزیکەی دووسەد جەرەی بچووك بچووکی کۆکردبۆوە وە لەسەریانی نووسیبوو کە ئەمانە هەموویان هەر زەهیرەن هەتا کەس دەستییان لێ نەدات. بە خۆشی پەرتوکێکی دەست کەوتبوو بە هۆیەوە ئەزموونی دەست پێ کرد بوو چونکە باوەری بە هیچ شتێك نەبوو بێ ئەوەی کە خۆی تاقی کردبێتەوە وە بەبەڵگەش نەی سەڵماندبایە باوەرپێ نەدەکرد.**

## ئێستا تۆماس ئەدیسۆن ئەزموونەکانی لەسەر کێ ئەنجام دەدات

بۆ یەکەم جار ئەزموونەکانی لەسەر نزکترین هاورێ –مایکل –ئەنجامدا هەندەی نەمابوو ببێتە هۆی مردنی ئەو هاورێیەی لە پاشان بەبیری داهات کە مرۆڤ لەبەرچی ناتوانێ بفرێ ئەگەر مرۆڤ باڵی نەبێ بۆچ ناتوانی وەکو مەل باڵ بۆ خۆی دروست بکات. دەربارەی ئەزموونەکەشی ئەوەبوو بیری لەوە کردەوە کە زگی هاورێیەکەی پڕ هەوا بکات بۆ ئەوەس سووك بێت و وەکو باڵۆن بکەوتە هەوا. هەڵستا چەند مادەیەکی دایە مایکل بۆ ئەو مەبەستە کەچی هاورێکەی تووشی ژانە زگ هات هەندەی پێ نەچوو باوکی ئەدیسۆن بە ژۆرکەوت مایکلیان بردە قاتی سەرەوەی خانەوەکە لەوێ چارەسەریان کرد. بەڵام کیمیاگەری بچووك –تۆماس ئەدیسۆن- لێدانێکی باشی بەرکەوت لەلایەن باوکی وە.

ئینجا دایکی بڕیاریدا هەموو گۆزەکانی کە دەرمانی تێ کردووە فڕەیان داتە دەرەوە بەڵام –تۆماس ئەدیسۆن- زۆری لێ پاڕایەوە ئەمەی لەگەڵ نەکا بڕیاریدا هەموو گۆزەکانی دابخات هەتا کەسی تر تووشی ئازار نەبێ لەو کاتەشدا تەمەنی لە دەساڵ تێ پەڕی نەکردبوو زۆر هەوەسی لە زانیاریەکانی کیمیا و زانستەکانی سروشتی بوو. لەوەی کە بەخت یاری بوو ئەو خێزانەی کە ئەو لێ دەژیا زۆر رێك و پێك بوون باوکی پێوێکی زۆر بەرێزو حورمەت بوو لەلای خەڵکی شوێنەکەی لێ دەژیان وە دایکێکی زێدە باش و میهرەبانی هەبوو هەموو منداڵەکانی خۆی هان دەدا کە پەرە بە بەهرەکانیان بدەن برا گەورەکەی ولیام چوبووە دەرەوەی وولات بۆ خوێندنی هونەر –فەن- بەڵام خۆی زۆر حەزی لە زانینی کارەبا بوو ئەوەیانی کردبووە پیشەی خۆی.

وە زۆریش هەوەسی لەوێنەکێشان بوو ئەو هەوەسەی زۆر بە کەلکی هات لە رۆژانی داهاتوو لە توێژینەوە زانستیەکانی دایك و باوکیشی بەردەوام ئاگایان لە منداڵەکانی خۆیان بوو وە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکردن دەربارەی رووداوەکانی سەردەم.

## دایکی نموونەیەیی

**دایکی –تۆماس ئەدیسۆن- ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پێ گەیاندنی کوڕەکەی خۆی بە چاودێری کردن و ڕێنمایی کردن بە شێوەیەکی سۆزدارانە . تۆماس ئەدیسۆن جەستەیەکی بە هێزی نەبوو بەڵام زۆر ڕەق و خاوەن ئیرادەو ویستێکی بە هێزبوو. هەتا باوکی بە زەحمەت لێی تێ دەگەیشت هەموو جار دووبارەی دەکردەوە ئەی ووت کە کوڕەکەی من یان شێتە یان عەبقەریە و زۆر بلیمەتە بەڵام ئەو منداڵە تازە پێ گەیشتووە پێویستی بە هاندان هەبوو کەس لێی تێ نەدەگەیشت وەکو دایکی.**

**ویستییان تۆماس ئەدیسۆن لە قوتابخانەی گوندەکە دەست بە خوێندن بکات ئەو کاتەش لە قوتابخانەکانی سەرتایی تەنها فێرە خوێندنەوە و دەرسی حیسابیان دەکردن. مامۆستاش لە فێرکردنی قوتابیان داری بەکاردەهێنا. تۆماس ئەدیسۆن لە ڕیزی پشتەوە دادەنیشت لە پۆلەکەیدا لە بەرەخۆی هەر وێنەی دەکێشاو ئاوڕی لە هاوڕێکانی دەدایەوە گوێی لە قسەکانیان دەگرت پرسیاری وای دەکرد لێی تێ نەدەگەیشتن وەڵامیشی نە دەدانەوە ئەگەر پرسیاریان لێ بکردایە. ڕۆژێکیان پشکێنەری قوتابخانەکە هاتە ژوورەوە مامۆستاکەی بە جەنابی موفەتیشی گوت ئەم کوڕە –تۆماس ئەدیسۆن- کوڕێکی خراپە یان فاسدە تۆماس بەم قسەیە زۆر عاجز بوو کاتێکی چۆوماڵەوە بە دایکی گوت مامۆستا بەمنی گوتووە بەکەڵك خوێندن نایە و وە کوڕێکی –فاسدە- واتە خراپە (فاسد) بۆ هێلکەی پیس دەگوترێ کە سپیلك و زەردێنەی تێکەڵ بەك دەبێ نابیتە جووجەڵە واتا بێ کەڵکە بۆیێ من جارێکی تر ناچمە قوتابخانە دایکی بەمە زۆر عاجزبوو بۆ ڕۆژی دووەم دەستی گرتو بردیە لای مامۆستاکەی ووتی:**

**(( ئەتۆ واتای قسەکانی خۆت نازانی هەموو کێشەکە لەوەدایە کە کوڕەکەی من لە تۆ زیرەك ترە . ئەز کوڕەکەم دەبەمەوە ماڵی خۆم دەرسی پێ دەڵێم چونکە منیش کاتی خۆی مامۆستا بووم. ئینجا پیشانت دەدەم کە ئەم کوڕەی من دەگاتە کێندەرێ.)) . دایك و کوڕ گەڕانەوە ماڵ. دایکی فێری خوێندنەوەو نووسینی کرد. ڕێنمایی کرد کە مێژووی یۆنان و ڕۆمان بخوێنیتەوە وە فەرهەنگی –بورتون- بۆ زانستەکانی خستە بەردەستی کاتێك تەمەنی بووە یازدە ساڵ, پەرتووکەکانی زانایانی بەریتانی –نیوتن-ی دەخوێندەوە لەگەڵ مێژووی ئەمریکا و پەرتووکی پیرۆزی –ئینجیل- و چیرۆکەکانی شکسپیرو هەڵبەستی بە ناودارترینی شاعیرەکانی زەمانی خۆی و پەرتووکی زانایانی**

مێژووی ئەو کاتە برادەرەکانی دیتیان مێژووی ژیانی زۆر زانایان دەزانی وە دەتوانی لە بۆشیان بگێڕێتەوە لەگەڵ ناوی داهێنەرو زاناکانی و باسی داهێنانەکانیشی دەکردن و ئەزمونەکانیانی دەگێڕایەوە.

تۆماس ئەدیسۆن مێژووی ژیانی –غالیلو-ی دەگێڕایەوە کە زانایەکی گەورەی ئیتالی بوو لەسەدەی حەڤدەم ژیاوە ئەوەی سەرنجی راکێشا ئەوەبوو جارەێکیان غالیلۆ ی زانا لە نووسینی زاناکانی پێش خۆی دیتبووی ئەگەر دووتەن یان دوو جسم ئەگەر لە شوێنێکی بڵند فڕەبدرێنە خوارەوە کامەی گرانە ئەو زووتر دەگاتە عاردی بەلاّم –غالیلو گوتی ئەمە راست نی یە ئەو دووتەنە ئەگەر یەکەکیان تەنەك قورسایی بیٚ ئەویتر یەك کیلۆ بیٚ هەردوو بەیەکەوە دەگەنە عاردی ئەمەشیانی بەبەرچاوی زاناکانی ساغ کردەوە کاتێکی چووە سەر جێگەیەکی بڵند هەردوو تەنەکەی بە یەکەوە فڕەدایە خوارەوە یەکەکیانی لەویٚ تریان زۆر قورستریش بوو هەردوو پێکەوە کەوتنە عارد.

تۆماس ئەدیسۆن ئەمەی زۆر لا خۆش بوو کە بە ئەزموون و تاقی کردنەوە –غالیلۆ سەلماندی کێشی رەتلێك و سەد رەتل کە فڕە بدرێتە سەر عارد پێکەوە دەگەنە سەر زەوی سوودی لەمە وەرگرت کە هەر بابەتێك بە تاقی کردنەوە بسەلمێندرێت چاکترە خۆشی لە ماوەی ژیانی ئەم رێبازەی گرتە بەر . ئەوەی ئەویشی هاندا لەسەر بەردەوام بوون هەوڵدانی دایکی بوو لە ماوەی چوار ساڵ فێری کرد چۆن دەخوێنێتەوەو بەهرەکانی خۆی پەرە پیٚ دەدا و وە هەر بابەتێکی کە پێی دەگوت چێژی لیٚ وەردەگرت. وانەی جوغرافیەی پیٚ دەگوت فێری دەکرد چلۆن گەریدەکان گەڕاون و ئەو شوێنانەیان دۆزیتەوە لە چیاو رووبارو دەشت و بیابان بە چەند گەشتێکی کە بە خەیاڵی خۆی بیری لیٚ دەکردەوە کە چلۆن شتی نادیار دەدۆزیتەوە دایکی فێری زمانی ئینگلیزی کرد کە چۆن بەشێوەیەکی ڕاست دەنووسریٚ فێری زانینی حساب و ماتماتیکی کرد بەلاّم زۆر هەوەسی بە ڕەنووس و خوێندنەوەی رەقەمەکان نەدەهات بۆییٚ دەی گوت (( من دەتوانم پسپۆڕەکانی ماتماتیك بەکار بینم بەلاّم ئەوان ناتوانن من بەکار بینن. نانسی ئەدیسۆن کە دایکی تۆماس ئەدیسۆنە هەر خوێندن و نووسین و ئینگلیزی و حسابی فێری کوڕەکەی نەکرد بەڵکو فێریشی کرد کە چۆن پەیڕەوی

ڕەوشتی باشی دەکا. وە فێری کرد بیر رادەهێنی لە ڕێگەی پێشەنگایەتی کردن و ئامۆژگاری کردنەوە فێری ئەوەی کرد کە بەهای شەرەف و ئەمانەت چی یە راستی بەردەوام بوون لەسەر کاری باش چۆن دەبێ وە خۆشەویستی وولاتەکەی و خۆشەویستی مرۆڤایەتی لە دلّ و دەروونیان چاند باوکی زۆر شانازی بەوە دەکرد کە کوڕەکەی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و هانی دەدا بۆ ئەوەی کە هەر پەرتوکەکی بخوێندایەوە هەندێ پارەی ئەدایێ هەتا وای لیّ هات هەموو پەرتووکەکانی پەرتوکخانەی گوندەکەی خوێندەوە. باوکی داوای لیّ کرد شتی خەیالی نەخوێنێتەوە بەلاّم دایکی رازی کرد بەوەی کە تۆماس با هەموو شتێك بخوێنێتەوە. هەموو چیرۆك و رۆمانەکانی هاوچەرخی خوێندەوە, زۆر چێژی لە نووسینەکانی فیکتۆر هیجۆ وەردەگرت کە نووسەرێکی فەرەنسی بوو هەتا هاوڕێکانی پیّ یان دەگوت-فیکتورهیجو ئەدیسۆن- چیرۆکەکانی رۆبنسون کروزو وە ئۆلیڤەر توستی زۆر لاخۆش بوو دایکی کاتێکی زۆر لەگەلّ کوڕەکەی دادەنیشت دەرسی پیّ دەگوت لە پێش سۆپەی مالّەوە یان باخچەی مالّەوەیان یان لەسەر بان , بەشداری دەکرد لەگەلیا بۆ خوێندنەوەی چیرۆك پاشان دەهاتنە سەر دەرسەکانی ماتماتیك و کاری زانستی, خۆشی زۆر هەوەسی لەو زنیارایانە بوو کە پەیوەندی بە کارەبا و کیمیاوە هەبایە و زۆر زیرەکیش بوو هەرشتێکی جارەك بی خوێندبایەوە لە بیری نەدەکرد, لەو کاتەی ئەوانەی دەوروپشتی خۆیان خەریك دەکرد بە یاری کردن, ئەو هەر بیری لە خوێندنەوە دەکردەوە بەلاّم برای تۆماس و خوشکەکەی دەچوونە قوتابخانە. دایکێکی میهرەبان و دلۆڤانی هەبوو لەو کاتەی قوتابیانی گوند بە پێش مالّەکەیان تیّ دەپەڕین دایکی ئەدیسۆن حەلولو چوکلێتی ئەدانیّ بەڕوەکی خۆش قسەی لەگەلّ دەکردن. جارێکیان بە برادەرێکی خوی ئەلّیّ من لەسەرەتای ژیانم بۆ یەکەم جار زانیم کە دایك چەند دروست کراوێکی دلۆڤان و باشە. دایکی من بەرگری لە من کرد لەو کاتەی مامۆستا بەمنی گوت خراپ –فاسد- لەو کاتەوە بڕیارم دا دەبیّ قسەی دایکم سەرکەویّ و باوەڕی تەواوی بەمن ببیّ بۆییّ هەستم دەکرد کە یەکێك هەیە دەبیّ من بۆی بژیم و هیوای پووچەلّ نەکەمەوە هەموو کات دایکم لەگەلّ من قسەی خۆش بووە. ئەگەۆ دایکم ئەو باوەڕییەی بەمن نەبایە لەوانە بوو نەبمە داهێنەر –مخترع- بەلّکو دەبوومە منالّێکی پشت گویّ

**خراو. بەلاّم چاکی و قسە خۆشەکانی وای لە من کرد رێگەی راست بگرمە بەر بیرەوەریەکانی هەموو کات نیعمەت و خۆشیەکی گەورەیە بۆ من.**

## رۆژنامە فرۆشی و کیمیاگەر لە شەمەندەفەردا

**لە تەمەنی دوازدە سالّیدا تۆماس ئەدیسۆن بە ئاشکرایی بە دایك و باوکی گوت کە پێویستی بە پارەیە بۆیێ دەیەوێ لە کارێك بگەڕێ چونکە گوتی مانەوەم بەبێ ئیش لەو کاتەی کە تیایدا ناخوێنێ راست نیە. دایکی لێی پرسی ئەدی دەتەوێ چ کارێك بکەیت؟ گووتی دەمەوێ رۆژنامە بفرۆشم لە فارگۆنەکانی شەمەندەفەر بەم جۆرە دەتوانم پارە بەدەست بینم لە هەمان کاتیش دەتوانم بە خۆڕایی ئەم هەموو رۆژنامە و گۆڤارانە بخوێنمەوە کە لە پەرتوکخانەی گشتیدا هەیە.دایکی گوتی هێشتا زۆر لەوە بچووکتری کە بتوانی بە ئارەقەی ناوچەوانی خۆت نان پەیدا بکەی باوکیشی گوتی ئەم کارە پێویست نیە .بەلاّم کوڕەکەیان گفتوگۆی لەگەلّ کردن لەم بارەیەوە پێی گوتن بڕیارم داوە بە خۆم رێگەی ژیان ببڕم. دایکی لەوە ئاگاداری کردەوە گوتی لەوانەیە لەو کارەی تووشی مەترسی ببێ شەمەندەفەر وەربگەڕێ یان خۆی لێك بدات یان بەر بیتەوە گوتی نا ئاگاداری خۆم دەبم لە پاشان ماوەی درا لەلایەن دایك و باوکی کە کاری خۆی رێك بخات لەگەلّ بەرێوەبەرایەتی شەمەندەفەر , ئەو کوڕە چالاّکە توانی رەزامەندی بەرێوەبەرایەتیەکە وەربگرێ بەچەند مەرجێکی باش رێگەی پێ درا بەفرۆشتنی رۆژنامە و پەرتووك و گۆڤارو مێوەو شیرینی لە شەمەندەفەر کە لە نێوان —بۆرت هیورن و دەتەرویت- کاردەکا ئەم رێ پێدانە باشەش هەر بۆ ئەو بوو. وە هەموو قازانجی ئەم کارەشی بۆ خۆیەتی ئەویش چاوەڕێی ئەوەی دەکرد شارەزاییەکی باش پەیدا کرد لە رۆژنامە  فرۆشتن لە شەقامەکانی —پۆرت هیورن- هەروەکو دەلّێن ئەوەی-سەبرو ئارامی هەبێ سەرکەوتووە. لە ئەنجام ئەو رۆژە هات کە دەیویست. بەسەر شەمەندەفەرەکە کەوت. دەبایە رۆژێ لە سەعات شەشە لە خەو هەستابایە بۆ ئەوەی لە سەعات حەوت سواری شەمەندەفەرەکەبێت هەتا لە پۆرت هیورنەوە بگاتە دەتەرویت لە سەعات —دە- کە دەگەیشتە دەتەرویت بە خێراییی دەچووە پەرتوکخانەی گشتی ئەوێ چەند سەعاتیك لەوێ بە خوێندنەوە رای دەبوارد هەتا لە سەعات شەش و**

**نیوی هێوارە بگەڕێتەوە –هیورن- ئەم شەمەندەفەرەش بریتی بوو لە سێ فارگۆن دوانیان بۆ ڕێبواران بوون یەکەکیان بۆ ئافرەتان و ئەوەی تریان بۆ پیاوان. فارگۆنی سێ یەمیش کرابووە سێ بەش بەشێك بۆ پۆستەبوو دووەمیان بۆ جانتای ئەوانە بوو سواری شەمەندەفەرەکە ببوون بەشی سێیەمیش بۆ جگەرەکێشان بوو. ئەم فرۆشیارە بچووکەش کە تۆماس ئەدیسۆنە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی لەم بەشە دادەنا. کە دیتی لە ناو شەمەندەفەرەکە هەندێ کاتی بە دەستەوەیە هەڵستا ئەو گۆزانەی کە بۆ ئەزموونەکانی کیمیا بە کاری دەهێنا لە ماڵەوە هێنایە ناو شەمەندەفەر لەگەڵ جانتای گەشتیارانی دادەنا. ئینجا بڕیاری دابوو کەل و پەلی کیمیایی پێ بکڕێ و لە شەمەندەفەرەکەی دادەنا. ئەو کاتەش لاوێکی دوازدە ساڵە بوو. پرچەکی قژنی تێك ئاڵاوی هەبوو لەگەڵ جل و بەرگێکی سادە لە ئەزموونگەکەی خۆی لە ناو شەمەندەفەر کاری دەکرد بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ ئەو پەرتووکەی کەلای بوو چی لێ نووسراوە راستە –تۆماس ئەدیسۆن زۆر بیری لە جێمس وات دەکردەوە کە چۆن زەینی داوەتە ئەو مەنجەڵەی دایکی لەسەر ئاگری داناوە سەر پۆشی مەنجەڵەکەش دەجوولایەوە بە هێزی هەڵمی ئاوی کوڵاوی ناو مەنجەڵەکە بەمە توانی بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن سوود لەم هێزە وەریگرێ هەتا وای لێ هات بگاتە ئەنجامێك کە شەمەندەفەر دەتوانرێ بە هێزی هەڵمی ئاو عارەبانەکانی رابکێشرێ پێشی سەد ساڵ ئەویس لەو بیرە دابوو کە بتوانێ بەهەر شێوەیەك بێ راژەی مرۆڤایەتی بکات هەروەکو جیمس وات. تۆماس ئەدیسۆن بەو کارەش رانەوەستا لە پورت هیورن دوو دوکانیشی کردەوە یەکیان بۆ فرۆشتنی سەوزەوات و ئەویتریان بۆ فرۆشتنی رۆژنامە لەگەڵ دوو کەسی تر کە لەگەڵ خۆی کردبووینە هاوبەش و قازانجەکەیان دابەش سێ جێ دەکرد لەبەر زۆری فرۆشتنی رۆژنامە لە شەقامەکانی ئەو شارە قازانجێکی زۆر دەست دەکەوت بەڵام ئەدیسۆن دیتی ئەو کوڕەی کە لە گەلیا کاردەکا لە ناو دوکانەکەیە زۆر لەو پارەیە بۆ خۆی دەگێڕێتەوە ئەو ناپاکیەی زۆر پێ ناخۆش بوو. هەستا دوکانەکەی داخستبەڵام سەوزە فرۆشتنەکە زۆر باش بوو کاروباری بە چاکی دەرۆیشت چونکە لەگەڵ سەوزەوات کەرەشی- نڤیشك- دەفرۆشت بەو عارەبانە کۆنەی کە هەی بوو کەل و پەلی دەفرۆشتە ماڵەکانی ئەو بازرگانە بچووکە قازانجی رۆژانەی دە دۆلار بوو. دایکی ویستی بۆی خڕ بکاتەوە. پاشان توانی دایکی رازی بکات کە لەم دە دۆلارە یەك دۆلاری بداتێ هەتا**

**خەرجی بکات لەو کاتانەی کە لە ماڵەوەیە . بەم جۆرە ئەم لاوە بچووکە توانی بیسەلمێنی بۆ خێزانەکەی خۆی کە بریتی بوون لە دایك و باوك و خوشك و براکەی کە دەتوانی خۆی بژینی و پێویستی بەکەس نەبێ باوکی داوای لێ دەکرد کە لە سەعات یازدەی هەموو شەوێك دەبێ بنوێ بەلام نەی دەتوانی ئەم فەرمانەی جێ بەجێ بکات چونکە کاری زۆر بوو ئەو رۆژنامانەی نە دەفرۆشرا دەی هێنانەوە ماڵ باوکی چاوەڕێی ئەو نامەخانە بەلاشەی دەکرد هەموو شەوێك خۆشیی خەریکی کاروباری تەلگراف بوو باوکیشی خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامەکان دەبوو.تۆماس ئەوەی بە هەل دەزانی کە باوکی خەریکی خوێندنەوەیە چەند سەعاتێکی تریش خەریکی کارە زانستییەکانی خۆی بێت. ئەم لاوە زیرەکە – کۆمپانیایەکی تەلگرافی تازەی دروست کرد هێڵێکی تەلی راکێشا بۆ ماڵی یەك لە هاورێکانی کە جیرانیان بوو بۆ ئەوەی بتوانی ووزەی کارەبا دروست بکات هەتا دەنگ بگوازێتەوە لایەکەی تر.پاشان بۆی دەرکەوت دەبێ پاتری بکرێت بۆ ئەو مەبەستە هەندەی پێ نەچوو بەم رێگایە توانی بروسکە بنێرێ وە وەریشی یان بگرێتەوە , باوکی باوکی کوڕەکەی خۆی ئاگادارکردەوە کە دەبێ بنوێ.**

**بۆ رۆژی داهاتوو رۆژنامەکانی لای رادەرێکی خۆی دانا نەی هێناوە ماڵ باوکیشی چاوەڕێی دەکرد رۆژنامەکان بینتەوە کەچی بە تەلەفۆن پێی گوت ئێستا دەنگو باسەکانت بە تەلەفۆن بۆ دەلێمەوە باوکی بەم کارە زۆر سەری سوڕما و کەیف خۆش بوو, پێکەنی گوتی باشە با بزانین ئینجا تۆماس بەرێگەی تەلەکەوە قسەکانی بۆ باوکی دەکرد بە ووشەی تەواو بۆ ئەوەی باوکی بیخوێنێتەوە ئەم رێگایە سەری گرت و سەرکەوتوو بوو, هەردووکیان باوك و کوڕ شەونخونیان دەکرد هەتا پاش سەعات یازدەو نیوی شەویش هەردەمانەوە پاش ئەوە تۆماس دەستی پێ کردەوە بە هێنانەوەی ئەو رۆژنامانەی کە نەدەفرۆشرا بۆ ماڵەوە باوکیشی بۆ ئەم کارە لاری نەبوو. هەندێ لە برادەرانی – تۆماس ئەدیسۆن- باسی هەندێك لەو برادەرانەی ئەویان دەکرد کە لە نێوان سالانی 1859-1860- کاریان لەگەڵ دا کردووە بەم شێوەی خوارەوە. بەشی زۆری مێرد منداڵەکان دەیان ویست لەگەڵ تۆماس ئەدیسۆن کاربکەن . یەك لەو رۆژنامە فرۆشانەی کە لەگەڵ ئەو کاریان دەکرد دەڵێ تۆماس فەرمانەکانی منی دیار کردبوو زۆر بە ئاشکرایی سەربەستی دابووە من کە بە هەوەسی خۆم**

**کاری خۆم ببەم بەڕێوە ماوەی درابوو لە سێ شەمەندەفەر ڕۆژنامە بفرۆشێ. خۆشی تۆماس ئەدیسۆن کوڕێکی هێمن و لەسەر خۆ بوو کاتێ ئیشی دەکرد بە تەواوی دەچووە ناو کارەکەوە. جلك و بەرگێکی هەرزانی لەبەر دەکرد هیچ بەرگێکی تریشی نەدەکڕی هەتا بە تەواوی کۆن دەبوو هەر کات قژی تێك ئاڵاو بوو قۆندرەی تۆزاوی نەشی دەستڕیەوە, بەڵام هەموو کات دایکی کراسی خاوێنی دەدایێ بۆ لەبەر کردن کەسێکی تەماعکارنەبوو ئەم پارانەی دەم دایێ لە قازانجی ڕۆژنامەکان بە سادەیی لە گیرفانی خۆی دادەنا هەتا جارێك پێم گوت بیان ژمێرە گوتی پێویست ناکا هیوادارم تەواوبێ مرۆیەکی بەخشندەو سەخی بوو زۆر جار ئێواران ئێمەی بانگهێشت دەکرد بۆ نان خواردنی ئێواران خۆشی پارەکەی ئەدا بەزەحمەت دەم توانی پێی بکەنێنم کەمیش پێ دەکەنی هەر چەندە زۆریش حەزی لە نوکتەو قسەی خۆش بوو بەشی زۆری کاتەکانی خۆی بۆ خوێندنەوە تەرخان کردبوو لەو کاتانەی کە لە شەمەندەفەرە بوو بە زۆری لای هاژوەری شەمەندەفەرەکە دادەنیشت ناوی بەشەکانی مەکینەکەی لێ دەپرسی هەمووی لەبەر کردبوو فێریش ببوو کە چۆن بەکاردێ.**

**ڕۆژێکیان هاژوەری شەمەندەفەر شەمەندەفەرەکەی دایە دەستی بۆ ماوەیەکی زۆر هاژوشتی بەڵام دیتی لە هیکرا جۆرە ناڕێکییەك لە مەنجەڵی ئاوی شەمەندەفەرەکە پەیدابوو هەندێك ئاوی گەرمیش ڕژایە سەر لەشی ئاوڕی لە ئەندازیاری شەمەندەفەرەکە دایەوە دیتی نووستووە هەڵی نەستاند هەر هاژوتی هەتا گەیشتە وێستگە. پاشان ئەدیسۆن ئەوەی گێراوە کاتی ئەمە ڕوویدا خێرایی شەمەندەفەرەکەم کەم کردەوە بۆ 12 میل لە سەعاتێك بۆ ماوەی بیست میلێك ڕۆیشتم ئینجا پارچەیەك لە قوڕی ڕەش لە کونی دەرچوونی دووکەڵ =گزۆز- دەرپەڕی قوڕێکی ڕەشی لیچ هەموو مەکینەی داپۆشی لەگەڵ ئەوەش هەر توانیم شەمەندەفەرەکە بگەینمە شوێنی خۆی کە حەوت عارەبانەشی رادەکێشا کاتێ کە هاتمە خوارەوە خەڵکەکە هەموو پێم پێکەنین چونکە هەموو لەشم ببووە قوڕی ڕەش تۆماس ئەدیسۆن بەمە ناسرابوو کە هەر کارێکی پێی بسپێردرێ بە چاکی ئەنجامی دەدا. جارێکیان هاژووەری یەکێك لە شەمەندەفەرە گەورەکان کرد دەبایە کەسێکی تر لە هاژوەران لە نزیك ئەو شوێنە ئاگاداربکرێ بۆ ئەوەی شوێنی هاژوەرە مردووەکە بگرێتەوە. پازدە دۆلار یان دایە**

تۆماس کە ئەو خەبەرە بگەیننە ئەو شوێنەی گوتی نەء 20 بیست دۆلارم بدەنێ دەچم بۆ ئەوەی پێنج دۆلار بداتە کەسێکی تر کە لەم رێگایە لەگەلی دابێ. هەر بەم شەوە لەگەڵ یەك لە برادەرەکانی بەرێ کەوتن بە ناو دارستانێکی چڕ کە پڕ بوو لە وورچ و ئاژەڵی کێوی. چراکەشیان کوژایەوە برادەرەکەی ووتی بابچینە سەردارێك هەتا بەیانی ئینجا دەرۆین , تۆماس گوتی نەءدەبێ بگەینە ئەو شوێنەی بۆی دەچین وورچیش دەتوانی بەسەر دار هەڵبگەڕێ. لەگەڵ بەیانی گەیشتنە ماڵی لێ خوری شەمەندەفەرەکە و کاغەزەکەیان دایێەم شەوە شەوێکی ترسناك بوو بۆ تۆماس و هاوڕێیەکەی . زۆر دەترسان کە نەتوانن ئەم رێگەیە ببڕن. بەڵام کاتێك گەیشتنە شوێنی مەبەست زانی کارێکی باشیان ئەنجامدایە هەر وەکو خۆشی گوتی-مرۆڤ پێویستە ئامادەبێ بۆ دیتنی هەموو جۆرە ناخۆشیەك ئەگەر بیەوێ کارێك ئەنجام بدا.

## سەیرترین رۆژنامە

شەڕی ناوخۆ لە ئەمریکا دەستی پێ کرد لە ساڵی 1861 لە نێوان باکوور و باشوور —تۆماس- لە شەمەندەفەر هاواری دەکرد. شەڕە , شەڕە ئەو شەڕەش لەسەر ئەوە بوو ویلایەتەکانی باکوور دەیان ویست بەندایەتی نەمینێ ئەو یەك گرتنەش لە نێوان ویلایەتیەکان بمینێ بەڵام ویلایەتەکانی باشوور دەیان ویست کۆیلایەتی و بەندایەتی هەربمێنن و هەر کاتێکیش بیانەوێ لەم یەکگرتنەی نێوان ویلایەتیەکان دەربچن. ئەو رووداوانە وای کرد خەڵکێکی زۆر روو بکەنە خوێندنەوەی ئەو رۆژنامانەی —تۆماس- دەی فرۆشت لەهەر وێستگەیەك بەسەدان کەس چاوەڕێیان دەکرد. هەندەی پێ نەدەچوو هەموو رۆژنامەکانیان لێ دەکڕێ. هەتا وای لێ هات زستانی ساڵی 1861- -1862 تۆماس بووە پیاوێکی گرنگ لەو هەموو شارانەی کەشەمەندەفەر پێیدا تێ دەپەڕێ چونکە هەر تۆماس خۆی و برادەرەکانی بوون رۆژنامەیانی دەفرۆشت.

رۆژێك لە رۆژان دیتی لەسەر شوستێك لە شۆستەکان پارچە تەختەیەك هەڵواسراوە خەڵکەکی زۆر لە دەورەی ئەم تەختەیە کۆبوونەتەوە. ئەم تەختە هەڵواسراوە لەسەری نووسرابوو ژمارەی ئەو کوژراوانەی

**لەو شەڕەی دوایی ئەوەندە کەسە بووە. لێرەدا بیرێکی باش لە مێشکی درەوشایەوە یەکسەر چووە لای کرێکاری تەلگراف پێی گوت( من چەند رۆژنامەت دەویٚ دەت دەمیٚ ئەگەر تۆ ئەم هەواڵانەی دەی دەمە تۆ تەلگراف بیگەیێنیە ئەم ویستگانەی خوارەوە وە لێشیان داوابکە کە لەسەر تەختەدار هەڵی واسن لە وێستگەکانی کرێکاری تەلگراف گوتی باشە. تۆماس هەموو رۆژیٚ مانشێتی رۆژنامەکانی دەدایە ئەو کرێکارە بۆ ئەوەی وێستگەکان لیٚ ئاگادار بکاتەوە, بەم جۆرە گومانی نەبوو کە ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەکان دەفرۆشریٚ. بە زوویی چووە لای بەڕێوەبەری گەورەترین رۆژنامە لە شاری —دەتەرویت- و پێی گوت هەزار دانە لە رۆژنامەکەی ئێوەم دەویٚ بەڵام من تەنیا نرخی سیٚ سەد دانەم پێیە پێشان بەڕێوەبەر ئەمەی قبوول نەکرد. پاشان کە تۆماس تێی گەیاند گوتی باشە. ئینجا تۆماس خۆی و دوو هاوڕێی تر رۆژنامەکانیان هەڵگرت و بردیان بۆ ناو شەمەندەفەر زۆر بە چالاکی کارەکەیان دەکرد. با گویٚ بدەینە تۆماس ئەدیسۆن بزانین دەڵیٚ چی ( یەکەم ویستگەیە کە ئێمە گەیشتینە ئەویٚ لەم وێستگەیە جران تەنیا دوو دانەم لەم رۆژنامانە دەفرۆشت ئەو جارەی خەلکەکە تاویان دایە رۆژنامەکان, لەم وێستگەیە 35 سی و پێنج دانەم لیٚ فرۆشت لە وێستگەی دووەم جران هەر هەشت دانەیەك دەفرۆشرا ئەو جارەی ژمارەیەکی زۆریشم لەویٚ فرۆشت هەتا وا بڕیارم دا نرخی رۆژنامەکان زیاد بکەم بۆ ئەوەی قازانجمان زیاتر بیٚ لە وێستگەی تر- مایکل- کە هاوڕێم بوو چاوەڕێی منی دەکرد بە خۆی و عارەبانە و ئەسپەکەی هەر لە ناو شەمەندەفەر ژمارەیەکی زۆرم بۆتیٚ هەڵدا گرتیەوە پاشان لە دەرەوەی کلیسە خەڵکێکی زۆر چاوەڕێی رۆژنامەیان دەکرد هاوارم کرد هەردانەی بە 25 بیست و پێنج سەنت تەنیا چەند ژمارەیەکی مایەوە هەمووی فرۆشرا. ئەو جارە تۆماس ئەدیسۆن بیری لەوە کردەوە رۆژنامەیەك بە خۆی دەری بکات. هەڵستا تایپ رایتەرێکی پەیدا کرد هەر خۆی چاپی دەکرد لە ناو شەمەندەفەر رۆژنامەکەش بریتی بوو لە یەك پەڕ بە دوولاپەر دەی نووسیەوە حەفتانە دەنگوباسی ئەو شارە بچووکانەی تێدا بوو کە شەمەندەفەر پیایدا تیٚ دەپەڕیٚ وە نرخیشی تەینا 3 سیٚ سەنت بوو ناوی لیٚ نابوو ویکلی هیرالد ئەدیسۆن بە خۆی بە خۆی دەی نووسیەوە و چاپی دەکرد و بلاویشی دەکردەوە. جاڕی دەدا بە بەرهێن ترین رۆژنامە لە جیهان لە شەمەندەفەر چاپ دەکریٚ, ئەو قسەیەش راست بوو**

**چونکە یەکەم ڕۆژنامە بوو کە بەم شێوە لە شەمەندەفەر چاپ بکرێ. ڕۆژێکیان بەرێکەوت — ستیڤنسن- لە شەمەندەفەر دەبینی زۆری پێ خۆش دەبێ دەڵێ هەزار دانەم لەو ڕۆژنامەیە بدەرێ ناری بۆ هەموو لایەکی جیهان هەندەی پێ نەچوو ڕۆژنامەی هیراڵد تایمس ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە و زۆریش مەدحی کردبوو وە هەندێ لە ووتارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەشی بڵاوکردبۆوە هەتا ئێستاش نوسخەیەك لەم ڕۆژنامەیە ماوە پارێزراوە لە خانووی ئەدیسۆن کە یەکەم نوسخەیە لە جیهان کە هەتا ئێستا مابێ. ئەو ڕۆژنامەی ئەدیسۆن کە ناوی هیراڵد بوو جەفتانە دەردەچوو سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا. دەبایە ئەدیسۆن ببێتە ۆژنامە نووسێکی گەورە نەك داهێنەرێکی گەورە ئەگەر دوو ڕووداو لە ژیانیان نەبایە کەڕێ ڕەوی ژیانی پێ گۆڕی , یەکەمیان لە شەوێکدا خۆی و هاوڕێکەی کە ناوی —مایکل- بوو بەلای قەلاتێکدا تێ پەڕین کە سەربارزەکان پێش ئەوەی بچن بۆ جەنگ لەوێ کۆدەبوونەوە لە هیکرا هاواری یەك لە نۆبەتدارەکانی گوێ لێ بوو ڕاوەستن. تۆماسیش وەڵامی دایەوە هەتا خەبەر گەیشتە ئەفسەرەکە داوایان لێ کردن ڕاوەستن . مایکل گیرا تۆماسیش هەڵات خۆی گەیاندەوە ماڵ فەردە پەتاتەکی دۆزیەوە بە تاڵی کرد گوشەکەی بەسەر سەری خۆی داهێنا بزر بوو لە ناو گوشەکە دانیشت سەربازەکان هاتن ژوورەکەیان پشکنی نەیاندۆزیەوە گوتیان ئێمە دیتمان هاتە ئێرە بەڵام کە نەیان دیتەوە ڕۆیشتن بۆ بەیانی مایکل لێدانێکی باشی خواردبوو خۆشی گوتی منیش دەست و پێم ساردبوو لە ترسان وەخت بوو لە خۆش بچم لەبەر بۆنی پەتاتەی بۆگەنی کە لە گوشەکەدا هەبوو. لەو ڕۆژەوە سوێندیان خوارد چیتر باسی شەڕنەکەن. ڕوداوی دووەمیان ئەوەبوو ڕۆژێك شەمەندەفەرەکە لەرزی هەندێك لەو گۆزانەی ماددەی کیمیاوی تێ کردبوو ڕژابوو بووە هۆی ئاگر کەوتنەوە. تۆماس ویستی بیکوژێنێتەوە نەی توانی ئاگرەکە زۆر بوو نۆبەتداری شەمەندەفەرەکە هات ئاگرەکەی کوژاندەوەو هەموو جەرەکانی فڕەدایە سەرشوستی لەگەڵ ئامێری چاپەکە-گابعە- ی . شەقێکی بە هێزی لە بنا گوێی دا کەوتە سەر شۆستەکە بەم جۆرە خۆی و ئامێری تابیعە و ڕۆژنامەکەی کەوتنە سەر شۆستە زۆر بە غەمناکی تەماشای پاشماوەی ڕۆژنامەکە و گابعە کەی کرد.**

## ئەدیسۆن لە کوێربوون رزگار دەبێ

رۆژێکیان نامەیەکی نووسی بۆ یەکێك لە برادەرەکانی کە کارێکی بۆ بدۆزێتەوە وەلامی دایەوە زوو وەرە لێرە کار زۆرە کارێکت بۆ دەدۆزمەوە لەو کاتەش تەمەنی ببووە بیستویەك سالٚ بەلام پارەی هەندە نەبوو هەر چۆنێك بوو توانی بلیتەکی شەمەندەفەر لە —بۆرت هیورن- بە دەست بکەویٚ بۆ وێستگەی بۆستن بەرامبەر ئەوەی کارێکیان بۆ بکات زۆر لە نرخی بلیتەکە زیاتر بیٚ. کارەکەش ئەوەبوو دوو تێل هەبوو لە بەینی ئەمریکا و کەنەدا ئەم دوو وولاتەی بەیەك دەبەستەوە یەکەکیان لەبەر گەرداو —عاصفە- پسا بوو ئەدیسۆن ئامێرێکی دروست کرد لەسەر ئەو تێلە نەپساوەی دانا وای کرد کاری هەردوو تێل بەجیٚ بگەینیٚ لە رێگای چوونی بۆ شاری بۆستن ئەو شەمەندەفەرەی ئەو سواری ببوو تووشی گەرداوێکی بەفر هات-عاصفە پلجیە- چوار رۆژ لەگەلٚ ئەوانەی لە شەمەندەفەرەکە بوون دواکەوتن هەر کە گەیشتە بۆستن یەکسەر چوو بۆ دیتنی برادەرەکەی کە ناوی —ملتن ئەدامی- بوو ئەویش بردیە لای بەرێوەبەری کۆمپانیای —وسترن یونیون بۆ تەلگراف- یەکسەر گریٚ بەستی لەگەلٚ کرد لێرەدا ئەدیسۆن زۆر کەیفی هات بۆ تاقی کردنەوەی وایان کرد برووسکە لە یەکێکەوە وەرگریٚ کە پیٚ یان دەگوت شای خێراییـ-ملك السرعە- ئەو کابرایە کە دیتی ئەدیسۆن زۆر لە ئەو زیرەکترە لە وەرگرتنی برووسکە زۆر عاجز بوو هەتا وای لیٚ هات نەی توانی لەسەر ئەم خەتە کاربکات هەتا بەیانی. بەم جۆرە یەکەم سەرکەوتنی تۆمارکرد لە رۆژهەلات بەشی زۆری سەعاتەکانی رۆژ دەهاتەوە ژوورەکەی ئەزموونەکانی خۆی جیٚ بەجیٚ دەکرد لەو شوێنەی کاری لیٚ دەکرد, دەرگای لەسەرە خۆی دادەخست چونکە کارەکەی نهێنی یەك بوو لە نهێنیەکانی دەولەت وە بە رادەرەکەی خۆی ئادەمس دەگوت پێویستە لەسەرم زۆر کاربکەم چونکە تەمەن کورتە دەبیٚ پەلە بکەم واتا لە 18 سەعات هەتا 20 بیست سەعات کاری دەکرد لە هەر شەوو رۆژێکدا رۆژێکیان چەند پەرتوکێکی کۆنی کیمیا و فیزیای کڕی لە داندراوی زانای ئینگلیزی —فاردای- زۆر باشی تێگەیشت چونکە تیۆرەکانی بەقسە شرۆڤە دەکرد نەکو بە رێگەی ماتماتیك لەو ساتانەدا ئەدیسۆن لەگەلٚ ئادامس لە ژورێکدا دەنووستن لە شوێنێکی هەرزان خانوویان بەکریٚ گرتبوو هەموو بەیانیەك کە لە کار دەگەڕایەوە پەرتووکەکانی فارادای پیٚ بوو هەر دەی خوێندەوە تەنیا کاتی نان

**خواردنی بەیانی نەبێ. پاشان دەچووە ئەزموونگەکەی ئیتر کەس نەی دەدیتەوە هەتا ئەو کاتەی دەچووە –نووسینگەی تەلگراف بۆ ئەوەی کارەکەی شەوانەی لەوێ بەجێ بگەیەنێ. ئەو شوێنەش کاتی خۆی چێشتخانە بووە زۆر منیش و مەگەسی لێ بووە. کرێکارەکانی تەلگرافیش نیوە شەوان نانیان دەخوارد بۆیێ ئەو مێش و مەگەسانە هێرشیان دەهێنا سەر ئەو نان و شیرنایەتیانەی لەسەر مێزەکە بوو, کرێکارەکان گوتیانە ئەدیسۆن بزانە کارێکمان بۆ بکە ئەو مێش و مەگەسانە نەمینێ . دەنگی نەکرد بۆ بەیانی دیتی یان هات تۆپەك تەنەکەی نەرمی هێنابوو ئەوانەی بڕیوۆوە وەکو داوی لێ کردبوو دوو داوی لە مانەهێنا لەسەر مێزی درێژێ کردن ئەو دوو داوەشی بە دوو باتری بە هێز قایم کرد ئینجا لە دیاری دانیشتن خۆی و رادەرەکانی بۆ یەکەم جار مێشێك هات نزیك داوە تەنەکەکە بۆوە و کوشتی بەربۆوە پاشان مێشەکان بە زۆری هاتن هەر هەموو مردن هەر پێیان دەکرا مێشی مردوو فڕەدەنە دەرەوە رۆژێکیان قوتوەکی هێنا لەسەر تاخچەکی دانا لەسەر سۆبەی ئاگرکردنەوە دوو حەفتەبوو لەوێ داندرابوو پاشان رۆژەك ئاگریان کردەوە دیتییان ئەو قوتووە گەرمایی گەیشتێ زۆر بە توندی تەقیەوە لایەکی سۆبەکەی لەگەڵ خۆی برد لێرەدا غاریاندا کرێکارەکان بۆ جێگەی ئەدیسۆن بزانن چ بووە دیتیان خۆی تێك نەداوە دەستی لە پرچی خۆی دەداو دەیگوت نا باش بوو بێ کەلك نەبوو. لێ یان پرسی ئەوە چییە؟ گوتی داهێنانێکی تازەم کرد بۆ دروست کردنی نارنجۆك کە ئەویش بریتییە لە باروتو لۆکە کەم وابوو ئەدیسۆن جلك بۆ خۆی بکڕێ. جارێکیان چاکەت و بانتۆرێکی کڕی بە 30 دۆلار لە رۆژی یەکشەم لەو کاتەی لە کارگەی خۆی بوو گۆسکەیەك لە ترشەلۆکی ئەسید –حامچ الاسید تەقیەوە جلکەکانی هەموو سووتاند و عەدمی کرد . هەر لەو رۆژانەدا ئەدیسۆن کارەساتێکی تووش هات هەندەی نەمابوو چاوی لە دەست بدا. لەوە پێشتریش وەکو زانیمان تووشی نیوە کەرێیەك ببوو لەو کاتەی رۆژنامەی لە شەمەندەفەر دەفرۆشت ئەو جارەش هەستا ئەزموونێك ئەنجام بدا. لەسەر تەلێکی کارەبایی کە پێچرابۆوە لەو کاتەی دەستی لە هەردوو لای پاتریەکە گیربوو بۆ دەرهێنانی دەستیشی دەبایە بکێشێتەوە پاش بۆ ئەوەی تێلەکانی پاتریەکە رابکێشێ خۆش بەختانە ئەو کاتەش چاوی خۆی قووچاندبوو چونکە ترشەلۆکی ناتریك تەقیەوە لە ناو پاتریەکی پرووشکی هەموو دەم و چاوی داپۆشی و سوتاندی**

ئەدیسۆن باسی ئەم کارەساتە دەکا دەڵێ. (( هەستم بە ئازارێکی زۆر کرد وام زانی من بە زیندووی سووتام هەستام ئاوی ساردم بەدەم و چاوم داکرد سوودی نەبوو پاش ئەوەی چوومە پێش ئاوێنە دیتم دەم و چاوم رەنگەکی زەردی ناشیرن دای پۆشیوە . دوو حەفتە لە ژوورەکە نەهاتمە دەرەوە ئەو کاتەش ئەگەر چاوم کراوەبایە کوێر دەبووم. لەگەڵ ئەوەش پیستەی دەم و چاوم دیسانەوە دروست بۆوە وەکو جارانم لێ هاتەوە. )) ئەدیسۆن چوو تەلی تەلگرافی تازە بۆ کۆمپانیە بازرگانیەکان دابنێ مینایەکی خڕی دروست کرد لەسەر شێوەی مینای کات ژمێر خڕۆکی بوو دائری لە باتی ژمارەیان لەسەر بنووسێ وەکو مینای سەعات ئەو پیتەکانی لەسەر نووسی ئەوەیان سەرتایەك بوو بۆ ئەو قورسەی کە لە تەلەفۆن بەکاردێ لە کاتی تەلەفۆن کردن بادەدرێ. پاشان ئەدیسۆن کاتێکی دوورو درێژی بەسەر برد لە داهێنانی دروست کردنی تۆمارکەرێك بۆ تۆمارکردنی دەنگی دەنگدەران لە ئەنجوومەنی نوێنەران لە پەرلەمانی ئەمریکی بۆ زوو جێ بەجێ کردنی ئەو کارە لە کاتی دەنگدان لەسەر هەر پرۆژەیەك کە دەخرێتە بەردەم نوێنەران لە ئەنجومەن بەڵام ئەو تۆمارکەرە بۆ جارێکیش بەکاریان نەهێنا لێرە ئەدیسۆن سوێندی خوارد لەمەو پاش هیچ داهێنانێك ئەنجام نەدا ئەگەر خەڵك نەیانەوێ یان نەی کڕن پاش ئەوە خواحافیزی لە برادەرەکەی خۆی ئادەمس کرد هەر ئەو شەوە سواربوو چوو بۆ نیۆرك.

## زانایەکی زۆر گەورەی بێ پارە

لەو کاتە ئەدیسۆن تەمەنی لە 22 بیست و دوو ساڵ تێ پەڕی نەدەکرد کاتێکی گەیشتە نیویورك بیری لەو کەشتیانە دەکردەوە کە لە بەندەرەکە راوەستابوون. بەیانی بوو تازە رۆژ گەزەنگی دەداوە

**تیشکە زێڕینەکەی پرش و بڵاو دەبۆوە لەسەر ئاوی دەریاو کەشتی و هەموو بیری لە دوا ڕۆژی دەکردەوە, نەی دەزانی ئەو پاشە ڕۆژە چییە کاتێك کە هەنگاوی هاوێشتە سەر عارد, فلسەك لە باڕکی دا نەبوو برادەرێکی لەوێ نەبوو ئەو پارەی هەشی بوو لە بۆستن خەرجی کردبوو ئەو کەل و پەلانەی کە هەی بوو لە پەرتووك و شتی تریش کردبویە بارمتە –رهن- بۆ دانەوەی ئەو قەرزانەی لەوێ لەسەری کۆببۆوە. بەڵام ئەوەی پێی مابوو ئازایەتی و شارەزایی کەی بوو لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە لە کاتی منالیدا لەوێ هەی بوو بەڕاستی ئەوەی کە باسمان کرد سامانێکی گەورەیە. پێشان ویستی نانی سبەینە بخوا وورده وورده دەڕۆیشت و تەماشای قاوەخانەکانی دەکرد لەو کاتەدا دیتی بازرگانێك زۆر کارتۆن چای بۆ هاتبوو لە –سیلان- لێی چووە پێش سەلامی لێ کرد گوتی دەتوانم لێرە چایەك بخۆمەوە پێی گوت فەرموو, ئەوە یەکەم خواردنی سبەینەی بوو لە نیویورك ڕۆژی یەکەم لە نووسینگەکانی تەلگراف دەگەڕا بۆ ئەوەی برادەرێك بدۆزێتەوە, هەتا وەختەك دیتی یەك لە برادەرەکانی لەوێ یە بەڵام ئەویش وەکو ئەو بێ کار بوو . داوای پارەی لێ کرد یەك دۆلاری بە قەرز دایێ. ئەوەیان یەکەم دۆلار بوو چووە گیرفانی لە نیویورك دەی ویست ئەم دۆلارە بەشی ماوەیەکی زۆر بکات. ئێوارە هەر بە خواردنی پارچەیەك لە حەلوا خۆی پێ تێرکرد. دەگەڕا لەو کەسەی کە پێیان دەگوت – شای خێرایی- کە لە کاتی خۆی لە تەلگراف بەسەریدا زاڵ بوو دیتی ئەو مرۆڤە کە دوو بوو واتاکەم قسەی دەرکرد ئەویش ئەدیسۆنی بردە خورادنگەیەك کە بەشەو ئەو خواردنگەیە دانە دەخرا بەشی زۆری پیاوانی کە لە ڕۆژنامەکان کاریان دەکرد لەوێ نانیان دەخوارد هەر جەمەی خواردنێکیش لەوێ بەدە سەنت بوو پاش ئەوەی سێ ڕۆژ لە نیویۆرك مایەوە چەند دۆلارێکی لا بوو کە ئەویش لە برادەران قەرزی کردبوو. ڕۆژێك هەلی بۆ هەڵکەوت ئامێرێکی گرنگ تێك چوو لە –کۆمپانیای ئاماژەکانی زێڕ- شرکە مؤشرات الڑھب- ئەو ئامێرە نرخی زێڕ تۆمار دەکا لە بازاڕەکانی زێڕ فرۆشتن لە بەرتێك چوونی ئەو ئامێرە هەموو بازاڕەکانی زێڕ فرۆشتن کاریان ئاڵۆزبوو. دکتۆر- لۆز- ئەوەی ئەو ئامێرەی دۆزیبۆوە بە زوویی چووە ئەو نووسینگەی کە پێشتر ڕێی دابووە ئەدیسۆن بچێتە ئەوێ. ئەدیسۆن پێی گوت من دەتوانم ئەو ئامێرە چاك بکەمەوە لەو ماوەی دوو سەعات ئامێرەکە کەوتە کار پاش ئەوەی ئەدیسۆن کاری تێ کردو چاکی کردەوە بۆ ڕۆژی**

**دووەم لۆز ئەدیسۆنی بانگ کرد لە فیزیا تاقی کردەوە لەگەڵ چەند زانیاریەك لە تەلگراف هەرچەندە تاقی کردنەوەکە گران بوو بەڵام تیایدا سەرکەوتوو بوو. لۆز داوای لیّ کرد لە کارگەی ئەو سەرپەرشتی هونەری بکات بە مانگانەی 300 سیّ سەد دۆلار لە 1-10-1869 ئەدیسۆن کۆمپانیایەکی دانا لەگەڵ هاورِیّەکی خۆی کە ئەندازیاربوو ناوی —بوب- بوو لەگەڵ بلاۆکەرەوەی رۆژنامەی تەلگراف.**

**داوای لیّکرد لەلایەن —نویّنەرایەتی گشتی تەلگراف و کارەبای ئەندازیاری- الوکالە العامە للتلغراف و الهندسە- کاربکەن خۆی و بۆب کاریان دەکرد —وسترن یونیون- لەگەڵ کارکردنیشیان لە پرۆژە تازەکەیان —جەنەرال الفرتس- چاودیّری پیّشکەوتنی ئەو کۆمپانیا تازەی دەکرد لە رووی سەرکەوتنی ئەدیسۆن چەند چاکسازیەکی خستە سەر تەلگرافی چاپ —الگراف الگابع- تۆماری کرد بە ناوی کۆمپانیا لە نووسینگەی مافی دانان و داهیّنان لە ساڵی 1869 ئەدیسۆن ئەمجارەیان داهیّنانیّکی تازەی تۆمار کرد ئەویش داهیّنانی ئەو ئامیّرەبوو کە نامەکانی برووسکەی چاپ دەکرد بە هۆی پیتەوە وە بەشیّوەیەکی بە تەلگراف نامەکەی دەنارد و ناوی لیّ نا —یونیفەرسال پریّنتەر- بەم جۆرە ساماندارێەتی لە دەرگەی ئەدیسۆنی دا رۆژەك لە رۆژان بەرِیّوەبەر ئەدیسۆنی بانگ کرد گوتی چەندت دەویّ بەرامبەر داهیّنانی ئەو ئامیّرەت لە دڵی خۆیدا گوتی بلیّم پیّنج هەزار دۆلار باشە بەڵام بەسیّ هەزاریش رازی دەبوو بەڵکە بە کەم تریش بەڵام بەختی یاربوو گوتی ئیّوە چەندتان پیّ باشە؟ بەرِیّوەبەر گوتی — چل هەزار دۆلار باشە؟ لەم وەڵامە سەری سورِما هەندەی نەمابوو دڵی راوەستیّ لە خۆشیان لەسەر خۆ گوتی وابزانم کۆژمەیەکی دادوەرانەیە —مبلغ عادل- گوتی باشە ریّك کەوتنەك ئامادە دەکەین پاش سیّ رۆژ وەرە پارەکەت وەرگرە. کە لە نووسینگەکە هاتە دەریّ دەڵیّ نقورچەم لە خۆم دەدا بزانم ئەمن ماوم نەمردوومە لە خۆشیان لەوە دەترسا بەرِیّوەبەر پەشیمان بیّتەوە بەڵام ئەو دوو دڵیەی نەدەویست کۆمپانیای —وسترن یونیون- پیّویستی بەم داهیّنانە بوو چونکە دەیان ئەوەندەی ئەو پارەیە سوودی بۆ کۆمپانیاکە هەبوو. پاشی سیّ رۆژ گریّ بەستەکەی واژوو کرد و چەکەکەی بەم پارەیە وەرگرت. کاتەکی چووە بانق ئەم پارچە کاغەزەی بەدەستەوە بوو دایە فەرمانبەری ژمیاری بۆ ئەوەی پارەکەی بداتیّ ئەویش تەماشای چەکەکەی کردو دایەوە دەستی**

ئەدیسۆن وای زانی هەڵەی تیایە بە خێرایی و غاردان گەڕایەوە بۆ لای بەڕێوەبەر گوتی ناوی خۆت لە پشت چەکەکە نەنووسیوە لەوانەیە هەر ئەوەبێ ئێستاش سکرتێری خۆمت لەگەڵ دەنێرم بۆلای ژمێریار وەکو ژمێریار دیتی ئەدیسۆن لەگەڵ سکرتێری بەڕێوەبەر هاتووە سەری سوڕما چاوی بە ئیمزای بەڕێوەبەریش کەوت وەو دیتی ئەدیسۆن کەوا جلکەکی هەژارانەی لەبەر دایە وە ئەم پارە زۆرەش وەردەگرێ زۆر سەیریشی بەوە هات کە ئەو کوڕە جاحێڵە بە غار چووە لای بەڕێوەبەر ئینجا سکرتێری بەڕێوەبەر بە ژمیریاری گوت ئەم کوڕە جاحێڵە لە داهێنەرە گەورەکانی پاشا رۆژە ئینجا ژمێریار زانی ئەم داهێنەرە لە کاروباری دارایی شارەزا نی یە هەلستا ئەم پارەیەی هەموو بۆ ژمارد بەلاّم بە پارچەی کەم هەتا وای لیّ هات کە پارەکەی کە لەسەر یەك دانا شەش پیّ بەرز دەبوو ئەدیسۆن بەسەر سوڕماوی تەماشای ئەو چیایەی کرد کە لە پارە بۆی داندرابوو. بەلاّم هەمووی لە گیرفانەکانی ئاخنی , وەکوو چووە دەریّ لە بانقەکی گەرۆك دەچوو بە خێرایی دەڕۆیشت هەتا پیاوانی پۆلیس وا نەزانن کە دزیویەتی لە یەکێك لە بانقەکان. گەیشتە ماڵ بیّ ئەوەی تووشی هیچ گێچەلێك بێ دەرگای ژوورەکەی خۆی داخست بۆ پاراستنی سامانەکەی بۆ بەیانی بۆ رۆژی دووەم چووە نووسینگەی بەڕێوەبەر ئەوانی لەویّ بوون کە ئەدیسۆنیان دیت دایانە بەر قاقای پێکەنین چونکە گیرفانەکانی خۆی پرکردبوو لە پارە پێی گوتن من چ لەم پارەیە بکەم گوتیان لە بانقی دابنێ. بەم جۆرە بۆ یەکەم جار ئەدیسۆن حسابێکی کردەوە لە بانق بە ناوی خۆی ئەو سامانەش وای لیّ کرد بتوانیّ یارمەتی ماڵەوەی خۆیان بدات کە چەند ماوەیەك لەوە پێش ماڵەکەیان سووتابوو لە —پۆرت هیون– ناچار بوون بچنە خانوێکی بچووکتر هەر لە نزیك خانووی پێشان دایکیشی لەو کاتە نەخۆش بوو لەسەر جێگا کەوتبوو هەموو حەفتەیەك چاوەڕێی نامەکانی کوڕەکەی دەکرد بۆ ئەوەی ئاگاداربێ لە پێشکەوتنەکانی کە ئەو کوڕەشی زۆر خۆش دەویست. دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە ئەم دایکە چەند کەیف خۆش بووە بەم سامانەی کە کوڕەکەی تۆماس ئەدیسۆن بە دەستی کەوتووە. هەر مانگەو داهێنانێك ئەدیسۆن هەموو جارێك دەی گوت —پارە هۆیەکە بۆ ئەوەی ئامانجێك بەجێ بێنی– ئەو پارەی کە بەدەستیش کەوت وەنەبیّ وای لیّ بکات تەمبەڵ بیّ بەڵکو هەوڵ و تێکۆشانی خۆی دووچەندان کردەوە هەتا وای لیّ هات لە دوو سەعات زیاتر نەدەنووست وە ئەو شەش ساڵەی

**پاش ئەم بەرواره لە ژیانیدا هەر بەم جۆره بردیە سەر بەم چل هەزار دۆلاره چەند ئامێرێکی کڕی لە —نیوجەرسی- کەسەر بە نیویورکە کارگەیەکی بچووکی دانا.**

**جەنەرال الفرتس داوای زۆر گەورەی لیێ دەکرد هەندەی پیێ نەچوو کارگەی بۆ شوێنێکی فرەوانتر گواستەوە کارەکانی زیادی کرد هەتا وای لیێ هات هەر رۆژە 50 کرێکار لە کارگەی بە دوو چین کاریان دەکرد بە شەوو بە رۆژ لەو شەش ساڵەی نێوان ساڵانی 1870-1876 کە لە سەرەتای تەمەنی 23 بیست و سیێ ساڵان بوو 122 سەد و بیست و دوو داهێنانی تۆمار کرد هەمووی داهێنانی تازە واتا زیاتر لە داهێنانێك لە مانگێکدا پاش ئەوەی پێویستییان بە پارە زیاتر بوو هەڵستا خۆی و شریکەکانی کۆمپانیایەکی تازەیان دانا ناویان لیێ نا — کۆمپانیای تەلگرافی ئوتۆماتیکی — کارگەی تۆماس ئەدیسۆن وێنەی نەبوو لە چالاکی و زیاتر لە کرێکارەکانی داوا نەدەکرد ئەگەر بەخۆی پێشتر پیێ هەل نەستابایە. هەتا رۆژێکیان لە کار دواکەوتن خۆی و کرێکارەکانی کارگەیان بەجیێ نەهێشت هەتا کارەکەیان تەواو کرد واتا —شەست سەعات- کاریان کرد بەبیێ راوەستان تۆماس ئەدیسۆن دەفتەری حسابی رانەدەگرت . بەڵکو دوو چەنگالی لە نووسینگەکەی بە دارەوە کردبوو یەکەکیان ئەو وەسلانەی پێوەخستبوو کە قەرزارە ئەوی تریان ئەو وەسلانەی کە داتییەوەو داهێنانیش پارەی زۆری دەویست هەندە جار وای لیێ دەهات پارەی قەرز دەکرد لە بانق. هەرکات پارەی هەبوایە دەچوو قەرزەکانی دەدایەوە وە ئەگەر نەشی بوایە وەڵامی لۆ خاوەن قەرزەکان دەنارد کە لە ماوەیەکی نزیك قەرزەکانیان دەداتەوە هەمووشیان متمانەیان بە ئەدیسۆن هەبوو لەو کاتەش بوو کە ئەدیسۆن 45 داهێنانی بەیەکەوە لە ژێر دەست بوو زۆریان دەربارەی چاك کردنی زانستی تەلگراف بوو بۆ خەڵکی هەتا بتوانن تەلگراف بۆ جێگای زۆر دوور بنێرن و بە زووترین کاتیش ئەم تەلگرافانە بگاتە شوێنی خۆی. هەتا وای لیێ هات کۆمپانیەکان لە باتی چوار تێل بەکاربێنن دوو تێلیان بەکار دەهێنا بەم جۆره 20 میلیۆن دۆلاری گەڕاندبۆوە بۆ کۆمپانیەکان جگە لەوەش خەڵکی دەیان توانی تەلگراف بنێرن بە پارەیەکی کەمتر. داهێنەرەکانی تریش لە شوێنەکانی تر دەهاتن پرسیان بە ئەو دەکرد بۆجیێ بەجیێ کردنی ئەو شتەی نەیان دەزانی هەتا رۆژێکی یان ئامێرێکی چاپ کردنی گەورەیان هێنایە لای —الە کاتب گابعە چخمە- کە زۆر تێك**

چوو بوو چونکە لە دروست کردنی ئەو ئامێرەدا زۆر هەڵەی تێدا کرابوو پیتەکانی لەسەر هێڵێکی راست چاپ نەدەکرد بەڵکو راست و چۆپ لێی دەدا مەرەکەب لەسەر شریتەکەی بەشێوەیەکی یەکسان دابەش نەدەبوو , چاپ کردنی نامەیەك بەم ئامێرە کاتێکی زۆری دەویست هەتا وای لێ هاتبوو هەتا نامەیەکت بەم ئامێرە دەنووسی چەندان نامەت دەتوانی لەو کاتە بە دەست بنووسییەوە بەڵام کە ئەم ئامێرەی دیت باوەڕی زۆر بوو کە ئەو ئامێرە ئەگەر بە چاکی بکرێ زۆر سوودی گەورەی دەبێ هەندەی کار لێ کرد هەتا توانی ئامێرێکی تازە دروست بکات بە رێکخستن و رێسایەکی وا کاری دەکرد بەڕاستی سەر سوڕهێنەربوو –کۆمپانیای تەلگرافی ئۆتۆماتیکی- یەکەم کۆمپانیا بوو ئەم ئامێرەی چاپ کردنی ئەدیسۆنی بە بەرهەم هێناو لە نووسینگەکانی خۆی بەکاری دەهێنا لە سەرەتا زۆر کەس نەیان دەزانی کاری لەسەر بکەن بۆ کاروباری بازرگانی وایان دەزانی ئەگەر بەدەست بنووسرێتەوە جوانترە لە نووسینی ئەو ئامێرە. وە لە ساڵی 1871 ئەدیسۆن دایکی کۆچی دوایی کرد ئەو کارەساتە گەورەیە زۆرکاری لە ئەدیسۆن کرد نەی دەتوانی باسی ئەو مردنەی دایکی بکات هەرکات بە بیری هاتبایەوە چاوی پڕدەبوو لە فرمێسك لە دواییدا توانی بەسەر ئەو غەمە گەورەیە دا زاڵ بێ ئەوەش بە هۆی ژن هێنانی لە ساڵی 1873 زاینی کچێکی جوانی هێنا ئەم کچەش ماوەیەك لە نووسینگەکەی خۆی کاری دەکرد زۆریش یارمەتی دابوو . بۆ بەجێهێنانی ئەزمونەکانی و زۆر ئەدیسۆنی خۆش ویستبوو لە بەر زیرەکی و چالاکیەکەی . وەکو باسمان کرد لەوە پێش کە قورسەکی دروست کردبوو وەکو مینای سەعات لە باتی ژمارەی لەسەر بنووسرێ پیتی لەسەر نووسرابوو لە دواییدا بووە قورسی تەلەفۆن ئەو قورسە سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا لە ئەمریکا وە لە ساڵی 1873 زاینی رێك کەوتنێك ئیمزاکرا لەگەڵ ئەدیسۆن لە ئینگلتەرا بۆ تاقی کردنەوەی ئەو ئامێرە بە کەشتییەکی هەڵمی رووی لە بەریتانیا کرد جانتایەکی بچووکی پێ بوو جلکەکانی لە ناو دانابوو لەگەڵ سێ جانتای تریش کەل و پەل و ئامێرەکانی ئیش کردنی تێدابوو لەگەڵ یەکێك لە برادەرەکانی خۆی. ئەویشیەکێك بوو لە زانایانی تەلگراف ئەم سەفەرەی زۆرناخۆش بوو زۆۆر لەم سەفەرە ماندوو بوو هەرکە گەیشتە لەندەن دەستی کرد بە ناردنی برووسکە لە نێوان لەندەن و لیڤربول لەم ئەزموونانەی سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا ئەنجامێکی

باشیشی هەبوو. بەڵام بەریتانیا ماوەیەکیش پاش ئەو کاتە تەلگرافی ئۆتۆماتیکی بەکارنەهێنا ئەدیسۆن خۆشی هیچی وەرنەگرت بەرامبەر ئەو ماندووبوونە کاتەکی گەڕایەوە ئەمریکا ئەدیسۆن دووبارە دەستی کردەوە بە ئەزموونەکانی لە بارەگای کۆمپانیاکەی خۆی. پیاوێکی خاوەن پارە ویستی ئەو کۆمپانیانە لە ئەدیسۆن بکڕێ بە چوار ملیۆن دۆلار گرێ بەستیشیان کرد پاشان کابرا پەشیمان ۆوە هەر چەندە ئەدیسۆن و هاوبەشەکانی لە کۆمپانیاکە لە دادگا داوای جێ بەجێ کردنی گرێ بەستەکەیان کرد بەڵام سەرنەکەوتن , هەر دۆلارێکیشیان وەرنەگرتئەم رووداوە دوایی بە هەوڵەکانی ئەدیسۆن هێنا دەربارەی تەلگراف. بیری بۆ داهێنانێك چوو کە زۆربەی خەڵکی سوودی لێ وەربگرن وەکو ئامێری کۆپی کردنی نامەکان و وستێنسل کاغەزی شەمێدار —الورق المشمع. ئەوەی حەلوای تێ دەکەن یان هەر خوادنێکی دیکە, کە لە تۆز بیپارێزی وە زۆر چاکسازی کرد بۆ ئەو تەلەفۆنانەی لە کۆشکەکانی گشتی داندراوون کاتێك بیانەوێ پەیوەندی بە پۆلیس بکەن یان پەیوەندی بە دەزگای ئاگر کوژاندنەوە بکەن. لەو کاتەی ئەدیسۆن تەمەنی لە نێوان ساڵانی 30-40 ساڵان بوو ئەزموونەکانی لە پێنج کارگە ئەنجام دەدا ئەمانەی ئەو کاری لێ دەکرد یەکەم کارگەی داهێنان بوو لە ئەمریکا . ئەو ئەزمونگایە تازانە کە ئێستا کۆمپانیا پیشەسازیەکان دایان دەمەزرێنن لەم رۆژانەدا.

## داهێنانی تەلەفۆن

ئەدیسۆن هەتا تەمەنی گەیشتە 30 سی ساڵ هەر چاکسازی دەخستە سەر ئەو ئامێرانەی کە پێشتر دروست کرابوون بەڵام ئێستا قۆناغێکی تازە هاتە پێشەوە قۆناغی داهێنانی رەسەن-مرحلە الاختراع الاصیل- لێرەدا وای بە چاك زانی دوور بکەوێتەوە لە شارەکان لە جێگەیەکی هێمن دەگەڕا بۆ ئەوەی ئەزموونەکانی تیا ئەنجام بدا. جێگەیەکی هەڵبژارد لە وێستگەیەکی شەمەندەفەر کە 25 بیست و پێنج میل دوور بوو لە نیۆیورك پێیان دگۆ-منلوپارك- بۆی بەدیارکەوت کۆکردنەوەی کاری پیشەسازی و داهێنان زۆر زەحمەتە چونکە لەسەر توانای مرۆڤە یەکسەر چووەی کارگە تازەکەی خۆی بۆ ئەوەی ببێتە داهێنەرو بەس.داهێنەر لەسەرتا و لە دوایی لە ساڵی 1876 زاینی زۆر لە داهێنەرە

گەورەکان کاریان دەکرد لە ئەمریکا و لە ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئەڵمانیا هەریەکە بە تەنیا بۆ خۆی کاری دەکرد. بۆ دۆزینەوەی رێگەیەکی تازە بۆ پەیوەندی کردن هەتا کو مرۆڤ بتوانی قسە بکا بە هۆیەوە بەدەنگی خۆی بە هۆی ئەو تەلانەوە کە ڕاکێشراون لە هەموو شوێنێك زانای ئەمریکی بل یەکەم کەس بوو ئامێرەکی تازەی تەواوی دروست کرد بۆ ئەو مەبەستە بەڵام نەی دەتوانی دەنگ بگوێزێتەوە تەنیا لە ژوورێك بۆ ژوورێکی تر نەبیّ. بەڵام لەگەڵ ئەوەش یەکەم نامە کە تێلەکی کارەبا گواستیەوە نامەی بل بوو بۆ هاوڕێکەی خۆی لە ژوورەکە تر بەم شێوەیە ئەم داهێنانە بۆ ئەم زانایە تۆمارکرا. داهێنانی یەکەم تەلەفۆن لە جیهان مافی ئەو داهێنانە درایە ئەو . هەر چەندە ئەدیسۆن پێش 30 سی رۆژ نووسینگەی تۆمارکردنی داهێنانی ئاگادارکردبۆوە . کە ئەویش کار بۆ شتێکی وا دەکا بەڵام ئامێرەکانی تەواو نەرکدبوو ئەم سەرنەکەوتنەی لە توانای ئەدیسۆنی کەم نەکردەوە بەڵکو هەر لەسەر کاری خۆی بەردەوام بوو هەر وەکو هیچ نەبووبیّ ,بەڵام باوەڕی بە خۆی هەبوو کەشتێك دروست بکات بۆ بەکارهێنانی هەموو کەسێك دەست بدا. لە هەموو لایەکی جیهان داهێنانەکەشی ئەوەبوو ئامێرێك بوو بە هۆیەوە دەی توانی شەپۆلەکانی دەنگی مرۆڤ بگوازێتەوە بۆ دوورترین شوێن لەسەر رووی عارد ئەدیسۆن ئەم ووشەی —هەلاو– لە تەلەفۆن بۆ یەکەم جار ئەو بەکاری هێنا بۆ دواندنی ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ دەکا لەم ئامێرەدا هەندەی پیّ نەچوو هەموو لایەکی دونیای گرتەوە بۆ ماوەیەکی کەم شەڕە تەلەفۆن دەستی پیّ کرد لە نێوان گراهام بل و تۆماس ئەدیسۆن بەڵام لە ئەنجام ئەو دوولایەنە پێك هاتن لەسەر ئەوەی کە کۆمپانیای بل ئامێری ناردنی دەنگی ئەدیسۆنی بۆ خۆی دانا و کۆمپانیای وێسترن یونیونیش ئامێری وەرگرتنی دەنگی بل ی بۆ خۆی دانا . بەڕێوەبەری کۆمپانیای وسترن یونیون ئەدیسۆنی بانگ کرد لە کاتی ئەو شەڕە قسەی نێوان بل و ئەدیسۆن بە ئەدیسۆنی گوت چەندت پارە دەویّ بەرامبەر ئەو ئامێرەی کە دات هێناوە؟ ئەم داهێنەرە گەنجە بیری کردەوە وای لێك دابۆوە کە ئامێرەکەی ئەو دای هێناوە دەکاتە 24 بیست و چوار هەزار دۆلار بەڵام تەجرەبەی هەبوو لەم بارەیەوە وەڵامی دایەوە تۆ چەندی دەدەی بەرامبەر ئەو ئامێرە من دام هێناوە؟

**بەڕێوەبەر وەڵامی دایەوە —ئێمە سەد هەزار دۆلارت ئەدەینێ — ئەدیسۆن لە وەڵامدا گووتی باشە. بەڵام بەمەرجێك ئەو پارەیەم هەموو بەیەك جار مەدەنێ بەڵکو هەر ساڵەی شەش هەزار دۆلارم بدەنێ بۆ ماوەی 17 ساڵ ئەوەش ماوەی سوود وەرگرتنە لە مافی داهێنانەکە ئەدیسۆن ئەمەی شێ کردەوە مەبەستیشی لەم داوایە سەیرە ئەوەبوو""' دەڵێ: خۆم دەزانم چی دەکەم ئەگەر ئەمن هەموو ئەو پارەیەم وەرگرتبایە هەمووم لە ئەزموونەکان خەرج دەکرد بەڵام بەم ڕێگایە خۆم لە ئاریشە و موشکلەی ئابووری رزگار کرد بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ)) . پاش ماوەیەکی تر کۆمپانیای وسترن یونیون داهێنانێکی تری ئەدیسۆنی کڕی بە هەمان نرخ و مەرج واتا سەد هەزار دۆلار بەم جۆرە ئەدیسۆن دەرامەتی ساڵانەی بوو 12 دوازدە هەزار دۆلار بەلای کەمی یەکەم تەلەفۆن لە ئەوروپا پیشاندرا. لە کۆبوونەوەیەك کە زاناکانی بەریتانیا بەستابوویان لە ساڵی 1876 بۆ یەکەم جار گوێیان لەیەکەم بانگ کردن بوو بە تەلەفۆن زۆر سەریان سوڕما . پاشان لێژنەیەکی بچووك لە زاناکانی بەریتانی و بێگانە پێك هات بۆ تاقی کردنەوەی ئەو ئامێرەی ئەدیسۆن کارەبایی کیمیاوی لە شاری ساراتوغا- بوو لە ئێوارەی 30 ئاب- 1879 خانووی شارەوانی پڕی خەڵك بوو ژمارەیەکی زۆر لەسەر مێزەکە دانیشتن لە زانایان و مامۆستایانی کۆلیجەکان . یەکێکیان باسێکی کورتی لە مێژووی تەلەفۆن کرد, پاشان تاقی کردنەوە دەستی پێ کرد زۆر ئامێر تاقی کرانەوە بۆ ناردنی دەنگ و وەرگرتنی بەلام چەند ئەنجامێکی لاوازی هەبوو چونکە ئەو دەنگانەی کە لە دوورەوە دەناردرا زۆر بەبێ هێزی دەنگەکە دەهات , ژمارەیەکی کەم نەبێ ئەوانەی لای تەلەفۆنەکەبوون گوێ یان لێ بوو دەنا کەسی تر گوێی لێ نەبوو پاشان ئامێری کارەبایی کیمیاوی لەمەڕ ئەدیسۆن تاقی کرایەوە ئەنجامی زۆر سەرسوڕهێنەرو باشی بەدەست هێنا. ئەم قسەو باس و گۆرانی و مۆسیقایانەی دەگوتران لە شوێنێکی دوورەوە زۆر بە دەنگێکی گەورەو ئاشکرا گوێیان لێ دەبوو هەموو هۆڵەکەی پڕکردبوو لە دەنگ. تەلەفۆنەکە گۆرانی یەکیچك و دوان سێ یانی پێکەوە بلاوەدەکردەوە وە یەکە یەکەش دەنگەکەی دەنارد. یان دەنگی گۆرانی یەك کەس و یان دەنگی فیتەی کەسێکی یان لێدانی ئامێرێکی مۆسیقاو پێکەنین بە دەنگێکی بەرز زۆر دەنگی دیکەش هەر ئەم ئامێرە بوو وای کرد خەڵکی گوێ لە گۆرانی و مۆسیقا بگرن و چێژی لێ وەرگرن, بە هۆی**

**رادیۆوە بۆ سالآنی داهاتوو. ئینگلترا زۆر گرنگی دا بەم جیهازە تازەیە کە ئامێری ناردنی دەنگە – مرسلات الصوت- حکومەتی بەریتانیا داوایەکی پێشکەش بە بەرێوەبەری کارەکانی ئەدیسۆن کرد لە بەریتانیا داواکەشی ئەوەبوو کە بۆ ئەدیسۆنیان نارد بەرامبەر بەم ئامێرەی ناردنی دەنگ 30 سی هەزارت دەوێ؟ ئەدیسۆن وەلآمی دایەوە بەڵێ دەمەوێ کاتەکی -150000 سەد و پەنجا هەزار دۆلاری بۆ هات چونکە بەرێوەبەری کارەکانی ئەدیسۆن گوتبووی 30 هەزار جونەیهی ئیسترلینی . ئەو پارەیە کە کرایە دۆلار کردی 150000 سەدو پەنجا هەزار دۆلار پێشان ئامێری تەلەفۆن هەر لە نێوان دوو خاڵ بەکار دەهات بیریان لەوە کردەوە باشتر وایە مەڵبەندەکانی تۆڕی تەلەفۆن دابنێن – مراکز شبکات الهاتف- ئینجا مەڵبەندی تۆڕی تەلەفۆنیان دانا بەم جۆرە تواندرا قسە بکرێ لە ناوەوەی وولات و شوێنە زۆر دوورەکان یەکەم بەرێوەبەری مەڵبەندی تۆڕی تەلەفۆن لە ئەوروپا کورێکی جاحێڵ بوو ناوی –سامۆیل ئەنسۆل- بوو ئەو کابرایەش پاشان چووە کارگەی ئەدیسۆن لە منلو پارك مایەوە هەتا بووە گەورەترین هێزی کاریگەر بۆ تەشەنەکردن و پێشکەوتنی پیشەسازی هێزی کارەبا لە ئەمریکا.**

## قەوان ئامێرەکە قسەدەکا

## الحاکی اله تتکلم

**لە ساڵی 1877 لە هەموو لایەکی وولآت دەنگوباسی بلآوبۆوە کە ئەدیسۆن داهێنانێکی کردووە ئەویش ئەوەیە ئامێرێکی دروست کردووە قسە دەکا خەڵکەکە گوتیان گومان لەوەدانیە ئەو کارە فێڵێکی تیایە هەتا زاناکان ئامادە نەبوون باوەڕ بەو کارە سەرسوڕهێنەرە بکەن بەڵام کە رۆژنامەکان بلآویان کردەوە کە ئەدیسۆن ئامێرێکی داهێناوە قسە دەکا هەروەکو ئینسان بە هەزاران کەس روویان لە کارگەی ئەدیسۆن کرد بزانن چۆنە و خۆشیان ببینن و گوێ یان لە دەنگەکە بێ ئەدیسۆن دەڵێ داهێنانی قەوان یان ئەو سندوقەی قەوانی لەسەر دەسوڕێ کە بە عەرەبی پێ ی**

دەڵێن —حاکی- ئەنجامی ئەو داهێنانەبوو کە پێشتر لە بواری تەلگراف بەدەستی هێنابوو لەوەوە سەرەتاکانی تەلگراف و تەلەفۆنی بۆ ساغ بۆوە ئەدیسۆن دەڵێ لەوکاتەی دەنگە دەنگەکم لێوە دەهات لە زاری یەکێك لە ئامێرەکانی تەلەفۆن ئەم دەنگە دەنگە وای کرد شەپۆلەکانی دەنگ سەری ئەو دەرزیە پۆلاییە یە لە دەستم بچەقێ. وا دیارە کە ئەدیسۆن هەوڵی دەدا کە هەر تەقەیەك یان دەنگێك لە تەلەفۆن کونێکی بچووك یان درێژ لە قورسێك دروست بکا لە کاغەزی ئەستوور لەسەر شێوەی زاراوەی —مۆرس-ی تەلگرافی لە کاتی ئیش کردن گۆرانی دەگوت, ئەو دەنگە دەنگەی ئەو وای لەسەری ئامێرە کون کەرەکە دەکرد هەڵ بقۆزێتەوەو بچتە سەرێ و بێتە خوارێ , واتا ئامێرەکە بڵندو نوی دەبوو لەو پەنجەیەم دەچەقی کە قورسە کاغەزیەکە دەسوورێنی. لەسەر ئەمە ئەگەر دەنگ بتوانێ چەند خالێکی بچووك تۆمار بکا لەسەر پارچە کاغەزێك یان هەر ماددەیەکی دیکە. کەواتە دەبێ دروست بێ رێگایەك بدۆزیتەوە بۆ دووبارە نیشان دانەوەی دەنگ بە تۆمارکراوی. ئەدیسۆن ئەم ئەزموونەی ئەنجامدا بۆ یەکەم جار لەسەر شریتەك لە کاغەزی تەلگراف هاواری کرد لە دەوری تەلەفۆنەکە بە ووشەی-هەللۆ, هەللۆ- پاشان شریتەکەی دووبارە کردەوە بەبەسەر داهاتنەوەی دەرزیە پۆلاینەکە دیتی دەنگەکی بێ هێزی گوێ لێ بوو —هەللۆ, هەللۆ- لەو کاتەدا ئەدیسۆن گوتی بڕیارم دا بە دروست کردنی ئامێرێك زۆر بە دیقەت ئیش بکا. کاتەکی بە هەڤالەکانی خۆم گوت کە چیم دۆزیوەتەوە گەڵتەیان بەمن دەکرد. ئەوەبوو چیرۆکی داهێنانەکە بە تەواوی قەوان لە ئەنجامی تێڕاچوونی دەرزییەك بوو. بەلام ئەدیسۆن چۆن ئەم بیرە تازەی جێ بەجێ کرد وە چۆنیش بە کردەوە قەوانی دروست کرد؟

ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی پایزی ساڵی 1877 ئەدیسۆن یەکێك لە یارمەتی دەرەکانی بانگ کرد کە ناوی —جۆن کروسی- بوو جۆرە هێلکاریەکی داێ کە بەشەو تەواوی کردبوو هەموو شتێکی لەسەر نووسرابوو وە هەموو کارە پێویستییەکانیشی لەسەر دیاری کرابوو کروسی دەستی بە توێژینەوەی ئەو هێلکاریەکرد هەوڵدانەکەی بۆ جێ بەجێ کردنی بێ سوود بوو ئەدیسۆن پێی گوت ئەمەوێ داهێنانێك بکەم ئامێرەك دروست کە قسە بکا تۆ ئەم نموونەیە جێ بەجێ بکە ئەوجا پێشانت دەدەم چ دەبی. کرۆسی بۆ ماوەی 30 سی سەعات کاری تێدا کرد لەو ماوەیە نەنووست هەر خەریکی جێ

**بەجیّ کردنی بوو پاشان ئەدیسۆنی بانگ کرد ئەو ئامێرەی نیشاندا کە دروستی کردبوو بریتی بوو لە ئامێرێکی بچووك لەسەر شەبکە دارێك دامەزرابوو لە شێکی کانزایی و دەسکێکی کانزای –معدنی- راوەستابوون تەماشایان دەکرد بەخویی و چەند کەسانێکی تر. یەکەکیان بە پێکەنینەوە بە دەنگێکی بەرز گوتی ئەم ئامێرە کارناکا ئەگەر ئەو ئامێرە کاری کرد ئەمن سندوقەك جغارەت دەدەمیّ.**

**ئەدیسۆن بەم قسەیەی پیاوەکە زەردەخەنەیەکی هاتیّ هەڵستا پارچە تەنەکەیەکی ئەستووری لە دەرەوەی ئامێرەکە وەرینا دەسکەکەی سووڕاند و گۆرانیەکی منداڵانی گوت بە دەنگێکی بەرز هەموو پیاوەکان پێکەنین, ئەدیسۆن خۆشی پێکەنی و دەسکەکەی هێناوە جێگەی خۆی پاش ئەوەی چەند رێکخستنێکی بۆ ئامێرەکە کرد دەسکەکەی دووبارە بردەوە پێش دەنگی ئەدیسۆن و دەنگی کروسی بە ئاشکرایی لە ئامێرەکە دەرچوو ئینجا کرۆسی هاواری کرد –الله ... ئامێرەکە قسە دەکا- پیاوەکان لە دەورەی ئامێرەکە دەسووڕانەوە و سەریان سوڕمابوو لەم کارە ئەو شەوە بە تەواوی ئەدیسۆن و کرۆسی لە ئەزموونگە مانەوە بەین بەین هەر دووکیان گۆرانیان دەگوت و فیتەیان لیّ دەدا لە ئامێرەکە . ئامێرەکەش دەنگەکانی دووبارە دەکردەوە بە ووشەو ئاواز قسەی دەکرد. لە سەعات نۆی بەیانی بیّ ئەوەی ئەدیسۆن خەوی چووبیتە چاوی هەلستا ئامێرە سەر سوڕهێنەرەکەی لوولدا و هەلی گرت بردیە نووسینگەی گۆڤاری زانستی بە ناوبانگ ساینتفك ئەمێریکانی جیهانی هەر هەندە ئامێرەکەی لە پێش سەرنووسەری گۆڤارەکە دانا و کارەکەی بۆ شرۆڤەکرد ئەم دەنگوباسە وەکو برووسك بلاوبۆوە لە نووسینگەکانی رۆژنامەکە ئەدیسۆن ئامێرێکی دروست کردووە قسە دەکا. هەندەی پیّ نەچوو خەڵکەکی زۆر لە دەرەوەی نووسینگەی سەرنوسەر پەیدابوون ئینجا خەڵکەکەی تر کە زانیان ووردە ووردە دەهاتن بۆ دیتنی ئەو ئامێرە و تاقی کردنەوەی. بۆ رۆژی داهاتوو هەموو رۆژنامەکان پێشوازیان لەم داهێنانە گەورەیە کرد ئەم دەنگوباسە سەرسوڕهێنەرە بڵاوبۆوە لە هەموو لایەکی جیهان . بە هەزاران نامە ناردرا بۆ ئەدیسۆن هەتا رۆژنامەکان لەبەر زێدە پیّ خۆشحاڵیان بەم داهێنانە ناویان لە ئەدیسۆن نابوو –سحرباز- وەکو دان نانێك بەو کار سەر سوڕهێنەرانەی کە خەڵکی تر نایزانی و توانای زۆریشی هەیە بۆ داهێنان, رۆژێکیان ئەدیسۆن برووسکەیەکی لە واشنتۆنەوە پیّ گەیشت کە یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمانی**

ئەمریکی بانگهێشتی کردووە بۆ ئەوەی شەوێك لای ئەو بمێنێتەوە. ئەندامە بەرزەکانی تری پەلەمانیش بانگ دەکاتە ماڵی خۆی بۆ بینینی ئەم ئامێرە سەرسوڕهێنەرە بەڵام سەعات نەبووە یازدەی شەو نێردراوێك لە کۆشکی سپی هات پێی ڕاگەیاندن کە سەرۆکی ئەمریکا دەڵێ- پێ گەورە دەبم ئەگەر ئەدیسۆن بێتە لام بەبێ دواکەوتن- . ئەدیسۆن ئامێرەکەی لەبن هەنگلی ناو غاریدا بۆ کۆشکی سپی. دیتی سەرۆکی ئەمریکای ئەوسا –هالیس= ئەوەندە هەوەسی بە ئامێرەکە هاتبوو سەعات دوازدەو نیوی شەو چوو خێزانەکەی خۆی لە ژووری نووستن بانگ کرد کە ئەم ئامێرە ببینی. کە ئامێرێکە لە هەموو ئامێران زیاتر مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکا. لەساڵی 1878 و سالآنی پاش ئەو ئەدیسۆن پێش بینی ئەوەی کرد کە ئەم ئامێرەی قەوان لە پاشەڕۆژدا بە شێوەیەکی زۆر بەربلآو بەکاردەهێندرێ بۆ تۆمارکردنی دەنگەکان و مۆسیقاو بەڵکو هەندەجار شوێنی مامۆستاش دەگرێتەوە ئەم ئامێرە گۆرانی بۆ منداڵ دەڵێ هەتا خەوی لێ بکەوێ وەکو بە کوردی دەڵێ –لایە لایەت بۆ دەکەم تاکو خەوبت باتەوە- وەکاتی دەم ژمێرمان پێ دەڵێ و بانگمان دەکا بۆ نان خواردن وە کاتی تەواوبوونی ئیش کردنمان پێ دەڵێ: وەکو تۆمار کارێك بۆ خێزان نرخێکی گەورەی دەبێ. دەنگی ئەو کەسانەمان بۆ تۆمار دەکەن کە خۆشمان دەوێن و زۆر ڕووداوی خۆشی و باشمان بەبیر دەهێننەوە دەبیتە هۆی دروست کردنی چەند ئامێرێك بۆ منداڵان کە قسە دەکا و پێ دەکەنی و دەگرێ و گۆرانی دەڵێ و دروست کردنی چەند ئامێرێك لەسەر شێوەی سەگ دەحەپێ و پشلە دەمیاوێنێ و شێر دەنەڕێنێ و کە لە شێر دەقووقێنێ و بانگ دەدا. وە دەنگی پیاوانی گەورە تۆمار دەکا بۆ ئەوەی نەوەکانی دوا ڕۆژ گوێ لە دوانەکانیان بگرن و قسەکانیان ببیسن بەمەیان ئەرکێکی گەورە لە مەیدانی پەروەردە جێ بەجێ دەکا, بە تایبەتی بۆ پاراستنی زمانەکان و فێربوونیان ئەدیسۆن هەر بەردەوام بوو لە چاکسازی کردن بۆ ئامێرەکەی و شتی تازەی بۆ زیاد دەکرد هەتا ساڵی 1888 لەم بوارەدا 65 شەست و پێنج جۆرە چاکسازی لەسەرکرد هەر لەم ساڵەدا ئەو ئامێرە ناردرایە بەریتانیا بۆ ئەوەی پێشکەشی جەماوەر بکرێ و نمایش کردنی بەشێوەیەکی تایبەتی و گشتی. لە پیشاندانێکی تایبەتی بۆ ئەو ئامێرە خەڵکەکە گوێ یان دایە دەنگی ئەدیسۆن کە سەلام و ستایش بۆ گەلی بەریتانیا دەنێرێ و وە لە نمایشێکی گشتیدا بەند –

**قەصیدە-یەك خوێندرایەوە هی شاعیرێکی ئەمریکی بوو کە لە شوێنێك قسەی کردبوو سێ هەزار میل دوور بوو بۆی تۆمارکرابوو . سیاسەت مەداری ئینگلیزی بە ناوبانگ –گلادستون- زۆر کەیفی بەو قەسیدەیە هات کە ئەم شاعیرە خوێندبوویەوەو ئەدیسۆن بۆی تۆمارکردبوو وەراشی لێ بیوو. ئەدیسۆن داوای لە گلادستون کرد ووتەیەك پێشکەش بە نەوەکانی ئێستاو دوا رۆژ بکات هەتا بۆی تۆمار کات گلادستون زۆر خۆشحاڵی خۆی دەبڕی بۆ ئەو داوایە ووتەیەکی تۆمارکرد تیایدا سوپاسی ئەدیسۆن و داهێنانەکەی کرد و گوتی ئەم شەو کە چاوم بەم داهێنانە سەرسوڕهێنەرە کەوت زۆر سوودم لێ وەرگرت و لە هەموو شەوەکانی ژیانم پێ خۆشتر بوو. ئەدیسۆن هەڵستا بە نمایش کردنی قەوان – حاکی- لە بەرلین ساڵی 1888 ئیمپراتۆری ئەڵمانیا کە ئەم ئامێرەیان بۆ هێنا زۆر گرنگی پێدا داوای کرد ئەو ئامێرە لێك هەڵبەوەشێنەوە وە دووبارە تێکی بێخنەوە لە پێش خۆی بۆ ئەوەی تێ بگا لەسەر چ بنەمایەکی زانستی داندراوە.**

## ئەدیسۆن جیهان رۆناك دەکاتەوە

**کارگەی ئەدیسۆن لە منلوپارك بووە جێگایەك بەنهێنییەکان دەورەدرابوو بزانین چیتری لێ دروست دەکرێ لە پاشەرۆژ ئەم داهێنەرە بەرزە بەشێوەیەکی ئاسایی لە 18 سەعات هەتا 20 سەعات کاری دەکرد لە رۆژێکدا گومانی تیانیە کە ئەم کارە چڕوپڕە شتێکی لێ دروست دەبێ لە حوزەیرانی ساڵی 1878 زاینی چووە کیلگەیەك لە رۆژئاوای وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ حەسانەوە پاش ماندوو بوونێکی زۆر دوو مانگ لەوێ مایەوە. لەو ساتەدا جێگەی رێزگرتنی هەموولایەك بوو بە هەلی زانی کەلە گەڵ چەند زانایەك بچێ تەماشای رۆژبکات لە کاتی گیرانی . سەری سوڕما لەوەی کە ئەو زانایانە پشت بە رەنووس-رقم- دەبەستن لەم کارەیاندا, زۆر کەیفیشی پێ هات کە ئەو زانایانە ئامێرێك بەکاردەهێنن بۆ زانینی کەمترین بەراوورد لە گەرمایی و شێ بەرزبوونەوە کە ئەدیسۆن خۆی ئەو ئامێرەی داهێنابوو پێیان دەگوت تاسیمەتر- لەم گەشتەی گەڕایەوە زۆر پێ نەچوو خەریکی کارێکی تر بوو ئەویش دابەش کردنی تەزووی کارەبا بوو ئەوەشیان بە ناردنی چەند تەلێك نەك**

هەردوو تەل بۆ ئەوەی 3 سێ چوار گلوپی بچووك دابگیرسێنی لەیەك سەرچاوە . ئەدیسۆن ئامانجی ئەوە بوو جۆرێکی تازە لە رووناکی پێشکەش هەموو جیهان بکات. زۆر زانایانی تر لە ئەوروپا خەریکی بەدی هێنانی ئەم ئامانجە بوون بەڵام بێ سوود بوو لە ئینگلترا زۆر شت جێ بەجێ کرابوو دەربارەی کارەبا و رۆناك کردنەوە لە نێوان ساڵانی 1809-1810 سەرەتایەك دۆزرایەوە ئەویش سەرەتای رۆناکی بە کەوان بوو الچوو المقوس ئەوەشیان چرایەکی گەورەبوو تیشکەکی زۆر بە هێزی لێ دەردەچوو وە لە ساڵی 1831 فارادای سەرەتای ئامێری مەقناتیس کراو. مبداءالاله المغنگە-ی دروست کردبوو پرووشکی کارەبایی لێ دەردەچوو کە غازی هەڵدەگیرساند و مەکینەی بە نەفت کار پێ کراوی هەڵدەکرد و دەسووڕاند. وە لە ساڵی 1860 نموونەیەکی سەرەتایی بۆ گڵۆپی کارەبایی دروست کرا بەڵام هەریەك لەم داهێنانەی سەرەوە کەلکێکی وای نەبوو لە رووی پراکتیکەوە —التگبیق العملی — لەگەڵ ئەو سەرەتا زانستییانەی کە تیایدا بەکار هاتبوو زۆر زۆر بەنرخ بوون بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەویست ووزەی کارەبایی دابەش بکەن لە ساڵی 1876 ئەو گڵۆپە کەوانەیی یانەی تیشکەکی بە هێزی هەبوو لە داهێنانی —شارلزبراش- بوو کە ئەویش هاوولاتیەکی ئەمریکی بوو بۆ رۆناك کردنەوەی شەقامەکان بەکاردەهات لە زۆر شارەکانی ئەمریکا ئەم گلۆپانە زۆر زۆر گەش بوون و دەنگەکیان لێوە دەهات هەندەشی پێ نەدەچوو دەسووتان تیشکەکانیشیان ئەوەندە بە هێزبوو چاولەبەری هەڵ نەدەهات لە ساڵی 1878 ئەدیسۆن هەلستا بۆ سەلێدانی چەند شارێك کە ئەم جۆرە گلۆپانەی تێدابوو . چەند لەم گلۆپانەیان بە دیاری بۆ ئەدیسۆن هێنا لەگەڵ مەکینەیان بۆ ئەوەی ئەدیسۆن کارگەکەی لە منلوبارك پێ رۆناك بکاتەوە ئەدیسۆن زۆر گرنگی بەم گلۆپانەدا پاش گەڕانەوەی لەم گەشتە شەدیسۆن هەموو کاتێکی خۆی تەرخان کرد بۆ زانینی شتی زیاتر دەربارەی غازو روناك کردنەوە بە غاز . لەو ساتانەدا ماڵەکان بە غاز رۆناك دەکرانەوە ئەم غازەش لە هەڵمی رەژووی بەردین دەردەچوو هەتا ئێستاش بەکاردێ بۆ گەرم کردنەوەی ژوورەکان و چێشت لێ نان لە ماڵەکان. ئەدیسۆن نەی دەویست رۆناکی زۆر بە هێز بەرێگەی گلۆپە کەوانەییەکان دروست بکات بەرۆناکییەکی کەم لە رێگەی دابەش کردنی ووزەی کارەبا لەوەش دڵ نیابوو هەرچی بە هۆی غاز دروست بکرێ دەتوانرێ بەرێگایەکی باشتریش بە

**هۆی کارەبا دروست بکرێ. بەڵام ئەزموونەکانی ئەدیسۆن پارەیەکی زۆری دەویست ئەم بابەتەی شرۆڤەکرد بۆ چەند کەسانێکی دەوڵەمەند رەزامەندیان پیشاندا کە حەفتانە کۆژمەیەك پارەی بدەنێ ئەم کارە بەردەوام بوو هەتا ئەو پارەی لەوانی وەرگرتبوو گەیشتە 40000 چل هەزار دۆلار خاوەن پارەکان لەم بارەیەوە هەندێك دوو دڵ بوون بەڵام توانی رازیان بکاو کاریان تیّ بکا کە دڵنیایە سەرکەوتن بە دەست دێنیّ باشترین بەڵگەش ئەوەبوو کە پێی دەگۆتن لە سەرکارەکە بڕۆین چاکترە نەك رابوەستین و هەموو ئەو پارەی کە خەرجیش کراوە بە خۆڕایی بچیّ. لەو کاتە ناسکانەدا زۆر دیاردەی وروژێنەر لە ئەزموونگەی ئەدیسۆن دەدیترا باتریەکان گۆسکەی پڕ لە ماددەی کیمیاوی و ئامێرەکانی لەسەریەك کەلەك بوو کە لەسەر عارد داندرابوون, لەگەڵ پەنجا مرۆڤ کە کاریان دەکرد لە پێش مێزەکان کە ئەزمووندیان بەجیّ دەگەیاند بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بیّ ئەوەی بزانن نووستن چی یە. ئەدیسۆن خۆشی لە ناوەندی ئەو سوپایە کاری دەکرد کە بڕوایان بە ئەو هەبوو هەزاران ئەزمونیان جیّ بەجیّ کرد بەڵام سەرکەوتوو نەبوو ئەدیسۆن خۆشی لەسەر کورسییەکی داری رەق دادەنیشت بەین بەین پشیبە خەوێکی دەکردو هەڵدەستاوە بۆ ئەوەی ئازایانەتر کارەکان بەجیّ بگەینی. زۆرجار وادەبوو هەموو ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکرد رای دەگرتن لە ئیش کردن بۆ ئەوەی وایان لیّ بکا گویّ بگرنە چەند ئاوازێکی کۆنی مۆسیقا ئەم ئەزموونانە شەو و رۆژ بەردەوام بوو بەبیّ راوەستان کاری دەکرد. بە فووکەی شووشە شووشەیەکی دروست کرد لەسەر شێوەی پیاز بەڵام هەوای تیابوو ئەدیسۆن دیتی ناخۆشیەکە لەوەدایە ئەو تێلە باریکانەی ناو ئەو شووشەیە کە لە شێوەی پیازە . پاشان بیرەکی بۆ هات کە ئەم شووشەیە بە تاڵ بکا لە هەواو دای بخا. پاش ئەوەی ئەم کارەی ئەنجام دا توانی بە هۆی تیلەکی پلاتینیوم کە لە ناو ئەم شووشەی چەسپاند رۆناکیەك پەیدا بکا هەندەی -25 بیست و پێنج مۆمی داگیرساو روناکی بدا. بەڵام کە هێزەکە دەگەیشتە چوارمۆم ئەم تێلانە دەتاوانەوە ئەو جارەی تێلەکی بەکاردەهێنا لە کاربۆن دروست کرابوو ئەوەشیان لە رۆژی 21-10-1879 ئەو رۆژە رۆژێکی گەورە بوو بۆ ئەدیسۆن و ئەو پیاوانەی کاریان لەگەڵ دەکرد. شەەشەکە ئامادەبوو بەڵام تێلی یەکەم و دووەم و سیّ یەم شکان لە کاتی قایم کردنی تێلی چوارەم شەو درەنگ داهات شووشەکەی بە تاڵ کرد لە هەواو دای خست پاشان کارەبای بۆ چوو خەڵکەکە**

چاویان رۆن بۆوه بەروناکیەك کە ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕوانیان دەکرد بەم جۆرە ئەدیسۆن ئەوەی خەڵك بە موستەحیلی دەزانی هێنایە دی ووزەی کارەبای بەم جۆرە دابەش کرد بۆ رۆناك کردنەوە. ئەم شووشەیە یان ئەم گڵۆپە بۆ ماوەی 45 چل و پێنج سەعات دەوامی کرد. ئەدیسۆن گوتی مادام ئەوەندە دەوامی کرد دەتوانی ماوەکە بکاتە 100 سەد سەعات بەم جۆرە سێ رۆژ کە ئەزموونەکان تەواو بوو بێ ئەوەی کەسێك لەم ئەزمونگەیە چاوی بچێتە خەو. پاشان ئەدیسۆن راوەستا دەمێك تەماشای یەك لە گەورە یاریدەدەرەکانی خۆی کرد دەستی لەسەر شانی دانا پاشان خۆی سووڕاندەوە لە ئەزموونگە چووە دەرەوە وە هەمووشیان دلیان پڕ لە خۆشی و باوەڕ بە خۆکردن بوو. چرایەکیان لە دەرەوەی منلوپارك هەڵواسرابوون لەسەر چەند تێلێك بۆ مەبەستی تاقی کردنەوە دەنگ و باسەکە بلاوبۆوە بە هۆی رۆژنامەکان ئەدیسۆن ئەوەی کە نەدەکرا کردی ئینجا خەڵکانێك هەبوون باوەڕیان دەکرد هەش بوو باوەڕی نەدەکرد لەبەر ئەوە ئەدیسۆن بڕیاریدا نمایشێك بۆ جەماوەر بکات. بۆ ئەوەی هیچ گومانیان نەمێنێ و هەتا هەتایە ئەو رووداوە گەورەیەش لە شەوی سەری ساڵی 1879 ئەو نمایشە بەردەوام بوو بەدرێژایی ئەو شەوە هەتا بەیانی رۆژی 1-1-1880 خەڵکەکی زۆر ئامادەی ئەم ئاهەنگە بوون کە ژمارەیان زیاتر لە 30 لە سی هەزار کەس دەبوو ئەو گڵۆپانەی بە دارەکانەوە وەکرابوون بەتیشکەکەیان پێشوازیان لەم خەڵکە دەکرد لە نێوان ئەوانەی کە هاتبوونە ئەم ئاهەنگەش گەورە پیاوان بوون لە مامۆستایانی زانکۆ, پیاوانی کاربوون ئەوانەی کە پاش ئەم ئاهەنگە دەنگوباسی سەرکەوتنی ئەو داهێنانەیان بلاوکردەوە کە داهێنەری گەورە ئەدیسۆن هێنایە بەرهەم لە ناو هەموو کۆڕو گرووپێك دا پاش ئەم سەرکەوتنە بیری ئەوەی کردەوە کە تێلێك بدۆزێتەوە زۆر دەوام بکات ئەدیسۆن خەڵکانێکی زۆری نارد بۆ لایە جۆر بەجۆرەکانی جیهان دیتی یەکێك لە زاناکان دەنگوباسی رووەکی حەیزەرانی لەسەر لێوارەکانی رووباری ئەمازۆن لە بەرازیل پێ راگەیاند. زۆریان لەم رووەکە بۆ ئەم داهێنەرە هێنا هەتا توانی تێل لەم رووەکە دروست بکات بۆ سالانێکی زۆر بەلام ئەدیسۆن سەدان جۆر لە مادەکانی تاقی کردەوە . وە باوەری بە خۆی هەبوو لە ئەزموونگەی کیمیاوی تێلەکی لەمە باشتر دروست بکات. پاشی چەند ساڵێك سەرکەوتوو بوو کە تێلەکی باریك لە تێکەلەیەکی دروست کراو لە هەندێ رووەکی کە لەسەر شێوەی لیفکەبوو دروست

**بکات. وه هەتا ئێستاش ئەم تێکەڵەیە بەکاردێ لەم رۆژانەشدا کە ئێمە تیایدا دەژین کە لە ساڵی 2002 زاینی یە . بەلاّم ئەم تێلانە لە ناو کیفەکی دایە لە کانزای تەنگستن کە بە هێزترە لە کاربۆن و زیاتریش بەرگەی گەرمایی رۆناکی دەگرێت ئەم تێکەڵەیە هەبوو هەرچەندە داهێنەرەکە نازاندرێ کێ یە هەروەکو دیاردەی برووسك نەیان دەزانی دیاردەیەکی کارەبایی یە بەڵکو لایان وابوو شتێکە رق و قینەی خوداوەند دەر بڕی یەکەم کەس کە ناوی لەم هێزە سیحراویە نا مەبەست ناوی کارەبا دکتۆرێك بوو لە دکتۆرەکانی شاژن —الیزابێت- لە بەریتانیا لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەم ئەو دکتۆرەش ئەم ووشەیەی لە ووشەیەکی یۆنانی وەرگرتووە —ئەلکترون- کە بە واتای کارەبایە لە کاتی ئەم دکتۆرەوە کە هەبووەو زاناکان هەموویان لە هەموو لایەکی جیهان هەوڵ دەدەن بزانن ئەم هێزە چی یە و رێگای بەکارهێنانی چۆنە ئەدیسۆن ویستی کارگەیەکی گەورە دروست بکات بۆ وەدەست هێنانی کارەبا بەلاّم ئەمەیان ئەوەی دەویست کە ئامێرەکان پەرەی پێ بدرێ چونکە لەو کاتە مەکینەی زۆر گەورە نەبوو کە بە هێزەکی زۆر بسوورێ هەتا ئەندازیارەکان دەیان گوت زۆر زەحمەتە بتوانرێ مەکینەی وەها گەورە دروست بکرێ کە ئەدیسۆن دەیەوێ و باسی دەکا ئەدیسۆن خۆشی زۆر لە مەکینەکانی تاقی کردەوە پێش ئەوەی بگاتە ئەو ئامانجەی کە دروست کردنی مەکینەیەك بوو ئامانجەکانی ئەوی دەپێکا لەو کاتە فەرمانی دەرکرد کە کار بەردەوام بێ شەو و رۆژ بۆ بەدەست هێنانی چەند مەکینەیەکی تری لەم بابەتە برووسکە لە هەموو لایەك بۆ ئەدیسۆن دەناردرا داوایان لێ دەکرد دەیانگۆت —وەرە شارەکانمان رۆناك بکەوە-. بەلاّم ویستی پێشان ئەو مەکینانە لە منلوبارك تاقی بکاتەوە لەو ساتەدا هەڵستا بە هەڵکەندنی چەند قۆرتێك کە تێلی لە ناو درێژ کردبوو تێلە کانیش لە ناو بۆڕی دابوون. بەرێگای ئەو تێلانەوە شوێنەکە کارەبای دەدرێتێ هەر بە خۆی بۆریەکانی دەپشکنی. کاتەکی ئەو کارنە هەمووی جێ بەجێ کران لە شەوی شەمووی رێکەوتی 4 ئەیلولی ساڵی 1882 شاری منلوبارك تیشکی گلۆپەکانی کارەبا هەموو ئەو شارەی رۆناك کردەوە ئەم کارگەیە هەشت سەعات بەبێ راوەستان کاری دەکرد. تەنیا بۆیەك جار رادەوەستا ئەویش بۆ ماوەیەکی کەم لەو کاتەدا ئەدیسۆن بیرێکی بۆ هات کە چەند وێستگەیەکی سەرەکی دروست بکات بۆ ووزەی کارەبا بەلاّم جێ بەجێ کردنی ئەو کارە بە ملیۆنان دۆلاری**

**دەویست لەبەر ئەمە کۆمپانیایەك دروست بوو ناویان لیّ نا کۆمپانیای ئەدیسۆنی بۆ رۆناك کردنەوە بە هۆی کارەبا لە نیویورك- شرکە ئەدیسۆن للاچاوە الکهربائیە فی نیویورك- بەسەرمایەی یەك ملیۆن دۆلار فەرمانی ئەوەبوو کارەبا بداتە نیویورك بۆ رۆناکی و گەرمی و ووزە. ئەدیسۆن دەستی کرد بە دروست کردنی مەکینەی کارەبا و دروست کردنی دینەمۆ- ئەو هێزەی لە مەکینەی بە هەڵم کارکردوو یان بە نەوت کارکردوو یان ئەو هێزەی لە تاڤگە دروست ئەبیّ ئەیکاتە کارەبا. ئاسان نەبوو خەڵکی رازی بکا کە پارەبدەن بۆ جیّ بەجیّ کردنی ئەدیسۆن هەڵستا بە خۆی پارەی قەرزکرد لە برادەرانی وە زۆر ئەو بەشانەی کە هەی بوو لە کۆمپانیەکانی تایەتی ئەم بەشانە —سهم- بفرۆشیّ . پاش ئەوە هەلستا بە دروست کردنی چەند وێستەگەیەك لە شاری میلانۆ لە ئیتالیا و بەرلین و لە شاری سانتیاگۆ لە شیلی لەو کاتە کورتانەی کە ئەو دادەنیشت بۆ حەسانەوە ئەدیسۆن لە زەویەکانی منلوبارك یەکەم شەمەندەفەری دروست کرد کە بەکارەبا کاری دەکرد.**

**سینەمەی قسەکەر**

**السینما الناگقە**

**ئەو چەند ساڵەی نێوان ساڵی** 1875 **هەتا شەڕی جیهانی یەکەم ئەدیسۆن چالاکیەکی لە وێنە بەردەری پیشاندا. ئەو داهێنانەی ئەو کردی لەگەڵ ئەو تاقی کردنەوانەی ئەو بەشێکی زۆری لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی گرتەوە لە ساڵی** 1884 **ژنی یەکەمی کۆچی دوایی کرد, کە** 3 **سیّ منداڵیشی لیّ هەبوو بۆ جاری دووەم ژنی هێناوە لە ساڵی** 1886 **زاینی لەبەر فرەوان بوونی**

کارەکانی ناچاربوو لە منلوبارك بگوازێتەوە بۆ وێست ئۆرەنج. بۆ تاقیگای فرەوانترو تازەتر لەو تاقیگایانەدا داهێنانەکانی پاشانی ئەدیسۆنی تێدا ئەنجامدرا. لە ساڵی 1889 رووی لە پاریس کرد و کچە گەورەکەشی لەگەڵ خۆی برد بۆ سەردانی پیشانگای پاریسی گەورە. ئەو لایەنەی بۆ داهێنانەکانی ئەدیسۆن تەرخان کرابوو 1\3 سێ یەکی ئەو پانتاییەی گرتبۆوە کە بۆ ئەمریکا تەرخان کرابوو وە بەشی زۆری تەماشەکەرانی بۆ خۆی رادەکێشا لەو شوێنەی بۆ داهێنانەکانی ئەدیسۆن تەرخان کرابوو گلۆپەکی کارەبایی گەورەی لێ داندرابوو کە بەرزاییەکەی 40 پێ بوو لەسەر سەکوەکیان دانابوو پانتاییەکەی 20 پێ چوار گۆشە دەبوو بەلام ئەوەی بۆ قەوان داندرابوو حاکی خەڵکەکی زۆری لە تەماشەوانان بۆ خۆی رادەکێشا گوێیان دەدایە ئەو ئامێرەی ئەدیسۆن دای هێنابوو بە هەموو زمانێکی قسەی دەکرد. لەو کاتەی ئەدیسۆن گەڕایەوە ئەمریکا بە هەوەس و خۆشییەکی زۆر پێشوازی کرا یەکسەر چووە شوێنی کارکردنی خۆی پاش ئەوەی ئامێری قسەکردنی داهێنا وەکو باسمان کرد, ئێستا دەیەوێ چەند وێنەیەك دروست بکا کە بجوولێنەوە . بەبیرکردنەوە تیژەکەی خۆی گەیشتە ئەو ئەنجامەی ئەگەر هاتوو ژمارەیەك لەو وێنەمان گرت بۆ شتێك کە دەجوولێتەوە بەرێژەی 15 پازدە جار لەیەك خوردکەدا –پانیە- دەتوانرێ هەمان جوولانەوەی شتە ئەصلیەکە پیشان بدا ئەگەر بەخێرایی یەکی میکانیکی تەواو بجوولێندرێتەوە دەیەوێ شتێك بۆ چاو دروست بکات ئەوەی پێشتر بۆ گوێی دروست کرد کە قەوان بوو. ئەو تاقی کردنەوانەی کە کردی لەسەر شەپۆلەکانی دەنگ بەو هیوایەی رۆژەك لە رۆژان کۆیان بکاتەوە لە کۆکردنەوەی دەنگ و ئەو وێنانەی کە دەجوولێن. لەیەك ساتدا زۆر لە داهێنەرەکان لە سالانی پێشتر هەولیاندابوو لەو پەنجا ساڵەی رابردوو کە وێنەی جوولاو دروست بکەن بەڵام نەگەیشتبوونە هیچ ئەنجامێك. وێنەگرتن بەخۆی دوو فرەنسی دایان هێنا لە ساڵی 1839 داهێنەرێکی تری ئینگلیزی زۆر پێشی خست و شتی تازەی تیاکرد لە ساڵی 1858 -1860 یەك لە فرەنسیەکان توانی وێنەی چەند ئەسپێك دروست بکات لە کاتی غاردان وە لە ساڵی 1864 زانایەکی فرەنسی داهێنانێکی تازەی داهێنا بۆ چەند وێنەیەکی جوولایەوە بەڵام ئەو داهێنانەی هەر هێلکاری بوو –تصمیم بوو لەسەر کاغەز. وە لە ساڵی 1889 ئیستمان داهێنانێکی تازەی داهێنا کە بریتی بوو لە فلیمەکانی پێچراوەی فۆتۆگرافی –

**لفافات الافلام الفوتوغرافيه- لێرەدا ئەدیسۆن هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەتوانێ شتێکی لەم بابەتە لە داهێنانەکەی دروست بکات . کە پێشتر نەکرابێ. ئەم بابەتەی لەگەڵ ئیستمان ووروژاندن و قسەیان لەسەر کرد. لەو باوەڕەدابوو ئەگەر بتوانێ فلیمەکی جوولایەوە دابهێنی لە کامیرادا ئەوەی دەمینێ زۆر ئاسانە لەو کاتەدا تەنیا شاشەیەکی سپی پێ دەوێ کە وێنەکەی لەسەر پیشان بدرێ و ئامێرێکیش بۆ گەورەکردنی وێنەکان و لەگەڵ ئامێرێکی تر تیشکەکی بەهێز وەك –بلاجکتۆر- باوێتە سەر وێنەکان بۆ ئەوەی لەسەر شاشەکە وێنەکان بە دیار بکەون. لێرەدا ئیستمان بڕیاریدا کە ئەدیسۆن وەڵامی زۆر پرسیاری دایەوە کە زۆر گرنگ بوو لە هاوینی ساڵی 1889 ئەدیسۆن کامیرای وێنەگرتنی وێنەی جوولایەوەی داهێنا وە لە ساڵی 1891 ئەو ئامێرەشی داهێنا کە تیشك دەخاتە سەر وێنەکان بۆ ئەوەی لەسەر شاشەی سپی بە دیار بکەون. لە حەوشەی تاقیگاکەی خۆی یەکەم خانووی سینمای دروست کرد خانووەکەشی بریتی بوو لە خانوێك کە لە دار دروست کرابوو لەگەڵ ساپیتەیەك بڵند و نوی دەبوو لەم خانوەیدا زۆر دیمەنی جۆراوجۆری پیشاندا کە خەلکەکە لە کاتی بینینی سەریان سوڕمابوو بەم شێوە سەرەتاییە دەستی پێ کرد پاشان ئەم پیشەسازیە بووە پیشەسازیەك هەموو جیهانی گرتەوە وە لە هەموو هۆیەکی کات رابواردن سادە و خۆشتر بوو لە جیهان.**

## شەڕی جیهانی یەکەم دوارۆژەکانی ئەدیسۆن

**سەرەتای سەدەی بیستەم زۆر داهێنانی تازەی بە خۆوە دیت لە هەموویان گرنگتر داهێنان و دروست کردنی فڕۆکە و ئۆتۆمبیل و رادیۆ بوو. ئەدیسۆن بەخۆی چەند تاقی کردنەوەیەکی کرد لەسەر دروست کردنی فرۆکەی –هەلیکۆپتەر بەڵام خۆی و یەك لە یاریدە دەرەکانی تووشی لەش سووتان هاتن لەو کاتەی تاقی کردنەوەیان لەسەر مەکینەی فڕۆکەکە دەکرد بۆیێ وازی لێ هێنا بەڵام داهێنانەکانی ئەدیسۆن زۆر پێویست بوون بۆ دروست کردنی فڕۆکە و ئۆتۆمبیل و رادیۆ. وەکو دینەمۆی دەرهێنەری کارەبا –مولیدە کهربائی- وە گلۆپی کارەبایی و پاتری و تەلگراف و بێ تەل ئەدیسۆن زۆر گرنگی دا بە ئۆتۆمبیل. کە بریتی بوو لە عارەبانەیەك کە ئەسپ رای ناکێشێ گرنگی**

**پیٚ دانەکەی زۆر زیادی کرد کە لەگەڵ ئەندازیاری گەنج ئەویش ناوبانگی دەرکردبوو لە هەموو لایەکی جیهان کە ناوی –هەنری فۆرد بوو- باسی دروست کردنی پاتریان دەکرد قسەکەشیان لەسەر ئەوەبوو کە پاتری یەك بدۆزنەوە تایەت بیٚ بە ئۆتۆمبێل. چونکە باتری لەو ساتەدا زۆر قورس بوو هەڵ نەدەگیرا بە زەحمەت نەبیٚ ئەدیسۆن زۆر کەیفی بەو مەکینەیە دەهات کە فۆرد دروستی کردبوو کە بە نەوت ئیشی دەکرد بیٚ ئەوەی هەڵم یان دووکەڵ دروست بکات لە ئەنجامی کۆبوونەوەی ئەو دوو داهێنەرە گەورەیە ئەوەبوو ئەدیسۆن رووی کردە ئەوەی کە پاتریەك بۆ ئۆتۆمبیل دروست بکات. پاش کارلێکردنی چەند ساڵێك بۆ ئەو مەبەستە توانی ئەم جۆرە پاتریە دروست بکات کە بەکەڵك ئۆتۆمبیل بێت پەنجا تاقی کردنەوەی کرد بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لە ماوەی دەساڵ کاری کرد و 3 سیچ ملیۆن دۆلاریش پارەی لیٚ خەرج کرا. ئەو پاتریەی ئەدیسۆن دروستی کرد لە هەموو لایەکی ئەمریکا بەکار دەهات بۆ ئۆتۆمبیلی بارکردن –سیارات الشحن- و ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی ئادەمیزاد-نفرات- وە بۆ ئامێرەکانی ئاماژەکردن لە وێستگەی شەمەندەفەر وە بۆ رۆناك کردنەوەی ئەو شوێنانەی کارەبای لیٚ نی یە. هەتا بۆ رۆناك کردنەوەی ژێر ئاوەکانیش –الغواصات- هەروەها ئەدیسۆن زۆر تاقی کردنەوەی کرد لەسەر بیٚ تەل-لاسلکی- گەیشتە دۆزینەوەی زۆر شتی گرنگ لەم بابەتە لەو کاتەش بوو مارکۆنی زانای ئیتالی لە ساڵی 1896 دانی بەوە دانا کە ئەدیسۆن سەرکردەی تەلگراف و بیٚ تەلە. ئەدیسۆن هەموو داهێنانەکانی خۆی فرۆشتە مارکۆنی ئەدیسۆن تەماشای کرد بەرهەمهێنانی کانزای ئاسن –معدن الحدید- لە هەموو پێویستییەکانی پێویست ترە بۆ پیشەسازیەکانی ئەمریکا ئەگەر بتوانریٚ بە ئاسان بەرهەم بهێندریٚ سوودەکی زۆر گەورە بە ئەمریکا دەگەیەنیٚ پێش شەڕی جیهانی یەکەم کارگەیەکی دروست کرد کە گاشەبەردی گەورە بهاڕیٚ پاشان هێزەکی مەقناتیسی کارەبایی ئاراستەی ئەم هوردکراوە دەکرد ئاسنە خاوەکەی تاقی کردنەوەی یەکەم سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا لە رودایلند-زیاتر لە هەزار تەن ئاسنی بەرهەم هێنا بە کاتێکی زۆر کەم. پاشان ئەدیسۆن بیری لەوە کردەوە ماددەیەك بۆ خانوو دروست کردن بێنێتە بەرهەم کە ئەویش –باتۆن-ە هیوای ئەوەی دەخواست لەم ماددەیە خانووی هەرزان و باش بۆ کرێکاران دروست بکات. هەڵستا چەند قالبێکی داهێنا کە لە ئاسن**

دروست کرابوو ئەو باتۆنەی لە ناوی دادەرێژندرا چوار رۆژ لێی دەگەڕان بۆ ئەوەی قایم بێ . پاشان قاڵبەکان دەکرانەوە. دەت دیت خانوێکی تازەی لێ هاتە کایە کە بریتی بوو لە یەك پارچە بە دیوارو ساپیتە و پەیژەوە لە پاشان ئەدیسۆن هەلستا بە چاکسازی کردن بۆ بۆریەکانی تیشکی ئێکس- اشعە اکس- پاشان ئامێرێکی دروست کرد کە بە مەکینەیەکی کارەبایی کاری دەکرد پێیان دەگوت ئامێری پڕکردن –الاملاو- وە لەساڵی 1912 سینمای قەسەکەری داهێنا لەو کاتەی شەڕی جیهانی یەکەم دەستی پێ کرد لە 28-7-1914 ئەدیسۆنیان بانگ کرد بۆ رێکخستنی پیشەسازیەکان و زانست لە ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانن بەرو رووی کارە خەتەرناکەکان ببنەوە. بەڵام قبووڵی نەکرد ئامێری شەڕدروست بکا لەو کاتە نەبێ کە نیشتمان پێویستی پێ بێ پاش ئەوەی ئەمریکا بەشداری شەڕی کرد لە 6 نیسانی ساڵی 1917 ئەدیسۆن بووە ئەفسەرێکی دەریایی لەگەڵ کەشتییە جەنگییەکان و ژێر ئاوەکاندابوو کە تەمەنیشی ئەو کات 70 حەفتا ساڵ بوو بۆ ئەوەی هەر ئاستەنگێك بێتە پێشیان چارەی بکات لێرەدا هێلکاریەکی دانا –تصمیم – بۆ پاراستنی کەشتییە جەنگیەکان و ژێر دەریاکان لە هێرشی دوژمن رزگاریان بکات. زۆر تاقی کردنەوەشی کرد کە تۆڕی تەلەفۆن دروست بکات بۆ کەشتیەکان و بۆ ئەوەی لە مین- الغام- بیان پارێزی وە بەکارهێنانی تیشکی کارەبایی بە هێز –بلاجکتۆر- لە ژێر دەریا لەو ماوەی کە لەو بوارە کاری دەکرد 45 چل و پێنج داهێنانی دروست کرد بۆ حکومەتی ئەمریکا. وەکو شەڕ کۆتایی هات لە 11-11-1918 ئەدیسۆن گەڕایەوە تاقیگەکەی خۆی هەڵستا بە کردنی چەند تاقی کردنەوەیەك کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی لە کاتی شەڕو ئاشتی ئەویش دروست کردنی –لاستیك مگاگ- بوو.

ئەدیسۆن هەر کاری دەکرد هەتا تەمەنی بووە 84 هەشتاو چوار ساڵ. دەی گوت ئەمن هەرکات تەماشای پێشەوە دەکەم دەبێ لای کەمی من پازدە ساڵی تریش مار بکەم کاتەك تەمەنم بووە – سەد ساڵ- ئینجا ئەو کاتەی دێ کە لە کار رابوەستم کاتێك لێ یان پرسی تۆرازی دەبی زانست دە ساڵ پشوو –ئیجازە- وەبگرێ و رابوەستی بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بگاتە کاروانی پێشکەوتن و زانین. وەڵامی دایەوە تاقی کردنەوەکانی من فێری کردووم زانست پشوو وەرناگرێ هیچ کات. ئەوەی راستی بێ هەر پەرە بەم پێشکەوتنە دەدات بەبێ راوەستان بۆ ملیۆنان ساڵی تریش. بەڵکو ئێمە هەر

**سەرەتاکانمان خوراندووە بۆ ئەو شتەی لە ئێمە دیارە بەڵکو پێویستە زیاتر بزانین. بۆ وێنە من زۆر گرنگی دەدەم بە بیرو بۆچوونەکانی –ئەنیشتاین- ی تازە دەربارەی جوولانەوە و پێوان بەلآم ناتوانم لەیەك لە ووشەکانی بگەم وە زۆر کەسیش لە زاناکان هەروەکو منن هەمان ناخۆشی دەبینن! .**

**یەکەم لادان لە تەندروستی ئەدیسۆن ساڵی** 1928 **روویدا لەو کاتەی مێوانی رێزگرتنێ بوو –چیف شرف- لە شاری دەترویت دوا پەیامی کە ئاراستەی جیهانی کرد لە** 11-6-1931 **پەیامەکەی ئەوەبوو : ووشەکانی بەرادیۆ بلآوکرایەوە لەو کاتەی جیهان تووشی تەنگژەی ئابووری –ازمە اقتصادیە- ببوو گوتی : پەیامم بۆ ئێوە ئەوەیە کە ئازابن ماوەیەکی زۆر ژیام هەر دەم دیت مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە جار لە دوای جار لە زۆر کات دیومە کار نزم دەبێ پاشان وولآت لە جاران دەوڵەمەندتر بوویتەوە و بەهێزتر بووە ئازابن هەروەکو باب و باپیرتان ئازابووە چەکتان باوەڕ و باوەڕ بەخۆکردن بێت بڕۆن بەرەو پێشەوە. تەندروستی ئەم داهێنەرە گەورەیە بەرو خراپی دەچوو بەلآم دەری نەدەبڕی کە نەخۆشیەکەی کوشندەیە بەڵکو هەر دەیگوت لەم نزیکانە دەگەڕێمەوە سەر کارەکانی خۆم کاتی خۆی بەگوێ گرتن لە مۆسیقا و گەڕان دەبردە سەر لەگەڵ ژنەکەی و دکتۆرەکەی خۆی خۆشی دەویست  هەتا رۆژەك لێ یان پرسی: کەی خانەنشین دەبی لەکار کردن وەلآمی ئەوەبوو رۆژێك پێش مردنم لە بەیانییەکی زووی** 18-10-1931 **ئەدیسۆن ئەم جیهانەی جێ هێشت دکتۆرەکەی خۆی ئەو بەیانەی بلآوکردەوە کە رۆژنامە نووسان چاوەڕێیان دەکرد کە بە کورتی تیایدا گووتی: تۆماس ئەدیسۆن کۆچی دوایی کرد لە سەعات** 3 **سێ و** 24 **دەقیقە لە بەیانی رۆژی** 18-10-1931 **ئەو ئامێرانەی تەلەفۆن و رادیۆو تەلگراف کە ئەدیسۆن ژیانی خۆی هەموو لە پێناویدا بەخت کرد بۆ چاك کردنی ئێستا بە رێگەی ئەوانەوە هەواڵی کۆچی دوایی یەکەی بە جیهاندا بلآوبۆوە. لە رۆژی چوارشەم** 21-10-1931 **قوداسێکی تایبەتی کرا بۆ نەمری بیرەوەری ئەدیسۆن لەو رۆژەدا پەنجا ساڵ تێپەڕی بوو بەسەر داهێنانی هەرە گەورەی ئەو پیاوە ئەویش دروست کردنی گڵۆپی کارەبایی بوو کە هەموو جیهانی رۆناك کردەوە. لە سەعات یازدە و نیوی بەیانی رۆژی** 4 **ئەیلولی ساڵی** 2002 **لە تەرجەمە کردنی ئەم پەرتووکە بوومەوەو لە** 22-9-

2002 پاك نووسی تەواو بوو. هیوادارم مایەی سوود لیٚ وەرگرتنی هەموو كوردیٚكی دلسۆزبیٚ بۆ كوردستان و بۆ زانست و پیٚشكەوتن.

بشیر حسین كوردستانی

2002-9-22

قسەی نەستەق: سەركەوتن سەركەوتن رادەكیٚشی كەواتە سەركەوتوان بناسە سەركەوتنت بۆ ئاسان دەبیٚت

ژمارەی سپاردنی ساڵی 2002 لە پەرتوكخانەی بەڕیٚوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر 371 دراوەتیٚ